# هاوسەرگیری سپی لە ڕوانگەی یاسا بەرکارەکانی وڵاتی ئێران و هەرێمی کوردستان



| |
|---|
| پ. ی. د. رضوان شریف صالح |
| بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان - عێراق |
| Email: rdhwan.salih@soran.edu.iq |
| پارێزەر: ڕۆژین جاسم سعید |
| سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، هەرێمی کوردستان، عێراق |
| Email: roj.j.saeed.salman@gmail.com |





| | | |
|---|---|---|
| ID No. 1892 | Received: 20/03/2024 | کلیلە ووشەکان: |
| (PP 69 - 94) | Accepted: 23/06/2024 | هاوسەرگیری سپی، هاوسەرگیری فەرمی، |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.22.37.4 | Published: 28/12/2024 | شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی، یاسای باری کەسیەتی، و هەرێمی کوردستان. |



## پوختە

لە نێو دیاردە چاوەڕوان نەکراوەکانی بەشێک لە کۆمەڵگاکاندا، دیاردەی هاوسەرگیری سپی بوونی هەیە کە بە مانای پێکەوەژیانی کچ و کوڕێک دێت بەبێ بوونی هاوسەرگیریەکی فەرمی و یاسایی. هاوسەرگیری سپی لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بە پرسێکی ئاسایی و قبوڵکراو دادەنرێت و ڕێکخستنی یاساییشی بۆکراوە، بەڵام لە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ئێران کە بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت و لە پەرەسەندندایە، قبوولکراو نییە، نە لەڕووی شەرع و نە لە رووی یاساشەوە. بڵاوبوونەوەی دیاردەیەکی مەترسیداری وەک هاوسەرگیری سپی لە وڵاتی ئێرانی دراوسێی هەرێمی کوردستان، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی لە داهاتوودا شوێنەواری خراپ و کاریگەری نەرێنیی هەبێت لەسەر هەرێم چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری فەرمی و وەستاندنی منداڵ خستنەوە و زیادبوونی لادانە ئەخلاقیەکان لە کۆمەڵگادا.  لە هەرێمی کوردستاندا هیچ دەقێکی یاسایی بوونی نیە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیریەی بە تاوان دابنێت و هەروەها هیچ چارەسەری یاساییش بۆ ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی نیە. بۆیە ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ناساندنی هاوسەرگیری سپی و خستنەڕووی حوکم و شوێنەوارەکانیەتی لە ڕوانگەی یاسا بەرکارەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان. لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامەی کە توێژینەوەکەمان پێی گەیشتووە، بە بەکارهێنانی میتۆدەکانی شیکاری و بەراوردکاری، ناشەرعی بوون و نایاسایی بوونی ئەم هاوسەرگیریەیە بە پێی حوکمەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و یاسا بەرکارەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان، سەرەرای لێنەکەوتنەوەی هیچ شوێنەوارێک لە شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری دروست وەک مارەیی و بژێوی و میرات و جێگیرنەبوونی ڕەچەڵەک بۆ منداڵەکانیان.

## ١. پێشەکی

یەکێک لە پێکهێنەرە هەرە گرنگەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی، خێزانە. خێزان بەهۆی پرۆسەی هاوسەرگیری پێکدێت و پیرۆزترین پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزی بەرامبەرە کە چەندین ڕەهەند و ئامانجی قوڵی هەیە. گرنگی هاوسەرگیری بە جۆرێکە کە لە قورئان و فەرموودەکاندا ڕێوشوێنی تایبەتی بۆ دانراوە، ئەمەش لەبەر پەیوەست بوونیەتی بە خودی مرۆڤەوە کە بەڕێزترین دروستکراوی پەروەردگارن؛ چونکە هاوسەرگیری پێکەوە گرێدانی پیاو و ئافرەتە بە پەیوەندی سۆز و خۆشەویستی و ڕەحم بەیەکداهاتنەوە. کەواتە هاوسەرگیری دروست پێویستیەکە لە پێویستیەکانی کۆمەڵگا و تاکە ڕێگەی شەرعییە بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگای بچووک کە خێزانە، لەسەر بنەمای سۆز و خۆشەویستی و ڕەحم و خۆپارێزی و پاراستنی ڕەچەڵەک. بەڵام لە چەند دەیەی ڕابردوو، لە ڕۆژئاوادا، هەوڵی زۆر دراوە بۆ گۆڕینی بەرفراوانی خێزان و دروستکردنی فۆرمی هاوسەرگیری ناشەرعی و نایاسایی؛ لە ئەنجامدا دامەزراوەی خێزان و هاوسەرگیری گۆرانکاری جەوهەری بەخۆیەوە بینی. یەکێک لە دەرئەنجامەکانیش بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیری سپی* بوو وەک بەدیلێک بۆ هاوسەرگیری فەرمی. هاوسەرگیری سپی یەکێکە لەو دیاردە مەترسیدارانەی کە لە ڕۆژئاوادا بەشێوەیەکی ئازاد و یاسایی و لە ڕۆژهەڵاتیشدا بە فۆرمێکی نهێنی و نایاسایی پەرە دەسەنێت.

### ١.١ کێشەی توێژینەوە

لە کۆتاییەکانی سەدەی هەڤدەیەمدا، هاوسەرگیری سپی لە ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا کە دواتر لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی دیکەی جیهان بڵاوبوویەوە تا گەیشتە چەند وڵاتێکی ئاسیا. ئێرانیش نموونەیەکی دیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە تیایدا پەرەی سەندووە. بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیری سپی لە ئێرانی دراوسێی هەرێمی کوردستان، لەوانەیە لە داهاتوودا کاریگەری نەرێنیی لەسەر هەرێم هەبێت. گەیشتنی هاوسەرگیری سپی بە هەرێمی کوردستان دیاردەیەکی مەترسیدار دەبێت و پێویستی بە ڕووبەڕوبوونەوەی جددی هەیە چونکە ئەم جۆرە هاوسەرگیریە پەیوەندییەکی نا شەرعی و نا یاساییە و شوێنەواری خراپ و کاریگەری نەرێنیی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری فەرمی و وەستاندنی منداڵ خستنەوە و زیادبوونی لادانە ئەخلاقیەکان لە کۆمەڵگادا. کێشەی یاسایی ئەم توێژینەوەیەش خۆی لەوەدا دەبینیتەوە کە هیچ دەقێکی یاسایی لە هەرێمی کوردستان بوونی نیە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیریەی بە تاوان دابنێت و هەروەها هیچ چارەسەری یاساییش بۆ ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی نیە .

### ١.٢ پرسیارەکانی توێژینەوە

توێژەران هەوڵیان داوە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە، کۆمەڵێک دەرئەنجام و پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوە بخەنەروو .

- پرسیاری سەرەکی توێژینەوە:

حوکم و شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی لە ڕوانگەی یاسا بەرکارەکانی وڵاتی ئێران و هەرێمی کوردستان چین ؟

- پرسیارە لاوەکییەکان:

١. مەبەست چییە لە هاوسەرگیری سپی؟
٢. هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیری سپی چین؟

---

* هاوماڵی بێ هاوسەرگیری لە زمانی فارسی وەک هاوواتای هاوسەرگیری سپی بەکاردێت. لە هەندیک سەرچاوەی فارسیدا دەستەواژەی پێکەوەبوونی ڕەش (همباشی سیاه)یش بەکارهێنراوە وەک هاوواتایان.

**٣. جۆر و حاڵەتەکانی هاوسەرگیری سپی کامانەن؟**

**٤. حوکم و شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی لە ڕوانگەی یاسا بەرکارەکانی وڵاتی ئێران چین؟**

**٥. حوکم و شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی لە ڕوانگەی یاسا بەرکارەکانی لە هەرێمی کوردستان چین؟**

### ١.٣ ئامانجی توێژینەوە

سەرەرای ئەوەی باسکردنی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە و زەقکردنەوەی کە هێشتا بەشێوەیەکی ئاشکرا لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا نەبینراوە، لە تێروانینی هەندێک لە تاکەکان دەکرێت کاریگەری نەرێنی هەبێت چونکە دەبێتە هۆی وروژاندنی چەندین بابەت کە باس نەکردنی بە باشتر دەزانن؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ دەرگای بوارە زانستیە ئەقلییەکان دابخرێت و وەک ئەرکێکی یاسایی بە پێویست زانرا ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا لە شێوانی شیرازەی خێزان و لادانی نەریت و ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگریکردن و گرتنبەری ڕێگە چارەی گونجاوە لەبەردەم سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم جۆرە دیاردەیە و هاوشێوەکانی، چونکە ئەمڕۆ کە سەردەمی پەیوەندی نێوان کلتوورە جیاوازەکانە؛ گۆڕینی شێوازی ژیانی خێزانی و تێڕوانینی گەنجان بۆ هاوسەگیری بابەتێکە کە کاریگەری کلتورە باڵادەستەکانە، بۆیە ئامانج لەم توێژینەوەیە ناساندنی هاوسەرگیری سپی و خستنەڕووی ئەو هۆکارانەی کە ڕێگەخوشکەرن بۆ ئەوەی تاک پەنای بۆ ببات؛ لەگەڵ خستنەرووی حوکم و شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی لە ڕوانگەی یاسا بەرکارەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان.

### ١.٤ گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەکەمان خۆی لە ناساندنی هاوسەرگیری سپی و خستنەرووی هۆکارەکانی پەنابردنی تاکەکان بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیریە و روونکردنەوەی حوکم و شوێنەوارەکانی دەبینێتەوە، چونکە ئەم هاوسەرگیرییە یەکێکە لەو دیاردانەی لە پەرەسەندنی بەردەوامدایە لە جیهاندا. بۆیە بە پێویست زانرا ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی وەک سەرچاوەیەک لەنێو کتێبخانەی یاسایی کوردیدا، ببێتە ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری یاسایی و بەرچاورونی بۆ تاکی کورد بە مەبەستی زیاتر ڕۆشنکردنەوەی بیری تاك و لانەدانیان لە هاوسەرگیری دروست بە پێی یاسا و شەریعەتی ئیسلامی، لەبەر پەیوەست بوونی کۆمەڵگای کوردی بە وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژئاوا و وەرگرتنی نەریتیان بێ ئاگا لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی ئەم نەریتانە لەسەر خێزانی کوردی.

### ١.٥ میتۆدەکانی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری بەستراوە، بە مەبەستی شرۆڤەکردنی دید و تێروانینی دەقە پەیوەندیدارەکانی یاسا بەرکارە جیاوازەکان لەسەر پرسی هاوسەرگیری سپی و بەراوردکردنی ئەم دەقانە لە یاساکانی وڵاتی ئێران هەرێمی کوردستان. هەروەها توێژەران هەڵساون بە بەکارهێنان و شرۆڤەکردنی نووسینەکانی سەرچاوەی تری لاوەکی سەبارەت بەم جۆرە هاوسەرگیرییە، وەکو کتێب و توێژینەوەی زانستی و سەرچاوە ئەلکترونییەکان کە بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی نووسراون. سروشتی توێژینەوەکەش وای بە پێویست دەزانی کە میتۆدی چۆنایەتی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەو بکرێت.

### ١.٦ پێکهاتەی توێژینەوە

بە شێوەیەکی گشتی ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم، لە سێ باسی جیاوازدا، پێناسەی چەمکی هاوسەرگیری سپی و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیری سپی و جۆرەکانی خراونەتەڕوو. بەشی دووەمی توێژینەوەکەش دوو باس لەخۆ دەگرێت. لە باسی یەکەمدا حوکم و شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی لە لە دیدی یاساکانی وڵاتی ئێران و لە باسی دووەمیشدا حوکم و شوێنەوارەکانی لە چوارچێوەی یاسا

بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستاندا، باسکراون. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەران پێی گەیشتوون و ژمارەیەک پێشنیاز بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، خراونەتەڕوو.

## ٢. چەمکی هاوسەرگیری سپی و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی

ئەم بەشە لە سێ تەوەری سەرەکی پێک دێت کە تیایاندا پێناسەی چەمکی هاوسەگیری سپی دەکرێت لەڕووی زمانەوانی و زاراوەی، و سەرنجێکی مێژووی دەخرێتەڕوو سەبارەت بە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە و هۆکارەکانی لە چەند وڵاتێکی جیاوازدا، دواتر تیشک دەخرێتە سەر جۆرەکانی هاوسەرگیری سپی لە ڕوانگەی فقهیەوە.

### ٢.١ پێناسەی هاوسەرگیری سپی

پێش ئەوەی پێناسەی دەستەواژەی هاوسەرگیری سپی بکەین، پێمان باشە پێناسەی هاوسەرگیری بخەینەروو. لە فەرهەنگە کوردییەکانی وەکو هەنبانە بۆرینە، خاڵ، شێخانی، ڕێژگە، نوێ و قاموسی زمانی کوردی، پێناسەی هاوسەرگیری نەکراوە، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە سوود لە فەرهەنگەکانی عەرەبی و فارسی وەردەگرین. هاوسەرگیری لەڕووی زمانەوانیەوە پێناسە کراوە بەوەی بریتییە لە بەراوردکردن و تێکەڵکردنی دوو پۆل یان دوو جۆر،1 یان دەکرێ بگوترێت مەبەست لێی لەخۆگرتن و یەکخستنە. سەرچاوەی (زەواج) هاوسەرگیری لە قسەی عەرەبدا جووتبوونە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ناودەبرێت بە نیکاح چونکە هۆکارێکە بۆ جووتبوونی ڕێگەپێدراو،2 یاخود بە واتای جووتبوون یان ڕێکخستنی دوو بە دووی شتەکان دێت.3

لە تێڕوانینی زانایی فقهی ئیسلامی الشيخ محمد أبو زهرة هاوسەرگیری بریتییە لە گرێبەستێک کە حەلالی جووتبوون لەنێوان پیاو و ئافرەت وە هاوکارییان جێگیر دەکات لەگەڵ دیارکردنی ماف و ئەرکی هەردووکیان.4 هەروەها لەلایەن زانا محمد بن صالح بن محمد العثيمين هاوسەرگیری بریتییە لەوەی پیاو گرێبەست لەگەڵ ئافرەتێکدا بکات بەمەبەستی چێژ وەرگرتن لێی و بەدەستهێنانی منداڵ و جگە لە بەرژەوەندی هاوسەرگیری.5 لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاوسەرگیری پێناسە کراوە بەوەی بریتییە لە گرێبەستێک کە بەهۆیەوە ژن و پیاوێک یەکدەگرن بە مەبەستی پێکهێنانی خێزان و بەشداری لە ژیان.6 یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨- یاسای هەمواركردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان لە ماده (١/یەکەم/١) پێناسەی کردووە بەوەی کە "هاوسەرگیری گرێبەندێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاودا کە بە هۆیەوە هەریەک بۆ ئەوەکەی دی بە پێی شەرع حەڵاڵ دەبێ و مەبەست لێی پێکهێنانی خێزانە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و بەزەیی و بەرپرسیاریێتی هاوبەش بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ".

کەواتە دەتوانین بلێن چەمکی هاوسەرگیری بە چەندین دەربڕینی جیاواز خراوەتەڕوو بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بگوترێت هاوسەرگیری پەیوەندییەکی ڕێکخراوە لەنێوان ئافرەت و پیاوێکدا لە ڕێگەی گرێبەستێکەوە کە بە داب و نەریت و

---

[1] ابن منظور، لسان العرب، الطبعة الأولى ، دار المعارف، القاهرة، دون سنة النشر، ص١٨٨٥.

[2] أبو منصور محمد بن أحمد بن الأزهري الهروي، تهذيب اللغة، الجزء الرابعة ،دار إحياء التراث العربي، القاهرة، دون سنة النشر، ص٦٤.

[3] لغت نامه دهخدا، تعريف ازدواج (بدون سال انتشار)، <https://vajehyab.com/dehkhoda/%D8%A7%D8%B2%D8%AF%D9%88%D8%A7%D8%AC> بازديد شده است ٢٠٢٤/١/٤.

[4] الإمام محمد أبو زهرة، الأحوال الشخصية، الطبعة الثانية ، دار الفكر العربي، دون مكان و سنة النشر، ص١٧.

[5] محمد بن صالح بن محمد العثيمين، الزواج ، الطبعة الأولى، مدار الوطن، دون مكان النشر،١٤٢٥ه-٢٠٠٤ز، ص١٢.

[6] اميرناصر كاتوزيان، حقوق خانواده، جلد ١، چاپ اول، شركت سهامى انتشار، تهران، 1388ش -٢٠٠٩ز، ص٢٠.

یاسا ڕێکدەخرێت و تێیدا ماف و ئەرکی هاوسەرەکان بۆ یەکتری دیاری دەکرێت لەپێناو بەردەوامی ژیانی پیرۆز و پاراستنی ڕەگەز و نەوەکانی مرۆڤ.

سەبارەت بە پێناسەی زمانەوانی هاوسەرگیری سپی، پێویستە بگووترێت کە هیچ فەرهەنگێکی کوردی، فارسی یان عەرەبی پێناسەی دەستەواژەی هاوسەرگیری سپییان نەکردووە، بۆیە بۆ پێناسەکردنی پەنا دەبەینە بەر فەرهەنگە ئینگلیزییەکان. لە فەرهەنگە ئینگلیزییەکاندا وشەی - Cohabitation پێکەوەبوون بۆ هاوسەگیری سپی بەکارهاتووە و پێناسەکراوە بەوەی بریتیە لە کرداری ژیان و هەبوونی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسێکدا، بە تایبەت کەسێک کە هاوسەرگیریی لەگەڵدا نەکردووە،1 یاخود ڕێکخستنی ژیانێکە کە تێیدا ژن و مێردێکی هاوسەرگیری نەکردوو پێکەوە دەژین لە پەیوەندییەکی درێژخایەندا کە لە هاوسەرگیری دەچێت.2 لە فەرهەنگی یاسایشدا پێناسەکراوە بەوەی ئاماژەیە بۆ ئەو بارودۆخانەی کە تێیاندا دوو کەس پێکەوە دەژین، و پەیوەندییەکی سۆزداری و/یان سێکسییان هەیە. ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی باو بەکاردێت بۆ ئەم ژن و مێردانەی کە هاوسەرگیریان نەکردووە و پێکەوەژیانی بێ هاوسەرگیری فەرمی هەڵدەبژێرن3. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە لە کەلتووری بیانیشدا ئەم پەیوەندییە بە هاوسەرگیریی دانەنراوە، بەلکو بە پێکەوەبوون یاخود هاوماڵی ناونراوە.

لە رووی زاراوەییشەوە دەتوانین بلێین هاوسەرگیری سپی تێکەڵەیەکە لە وشەی هاوسەرگیری و سپی کە بە لەبەرچاوگرتنی مانا جیاکانی ئەم دوو ووشەیە وا بە مێشکدا دێت کە ژیانێکی جوان بگەیەنێت و واتای هاوسەرگیرییەکی سادە دەهێنێتە مێشکی بینەری ئاگا. سەرچاوە زانستییەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە هاوسەرگیری سپی دەستەواژەیەکە گەنجان بە ئاسانی پێی فریو دەدرێن کە لای خۆیان بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەمە هەم هاوسەرگیرییە و هەم سپییە، لەکاتێکدا نە هاوسەرگیرییە و نە سپییە، بەڵکو پێکەوەبوونێکی ڕەشە، واتا کچ و کوڕ پێکەوەن بۆ ماوەیەکی کاتی و کۆتاییەکەی ڕەشە،4 و ناولێنانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەو ناوەیە لە سپی بوونی ناسنامەی لایەنەکان و تۆمارنەکردنی ناوەکانیانە لە ناسنامەی یەکتردا.5 جا بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی گونجاو لەو هاوسەرگیرییە بەدەست بهێنرێ پێویستە چاو بە پێناسە زاراوەییەکانیدا بخشێنرێتەوە .

هاوسەرگیری سپی مانای پێکەوەژیان یاخود ژیانی هاوبەشە بەبێ گرێبەستی هاوسەرگیری کە هیچ پابەندبوون و هێزێکی تێدا نییە و هەردوو لایەن بەرامبەر یەکتری خۆیان بە پابەند و بەرپرس نازانن و خراپ بەکارهێنان و پێشێلکاری زۆری تێدایە.6 هەروەها ئەم هاوسەرگیرییە پێناسە کراوە بەوەی "دیاردەیەکە کە کچ و کور بە شێوەی هاومالی بەیەکەوە دەژین بێ ئەوەی لە نێوانیاندا، لە ڕوانگەی یاسایی و فقهی، گرێبەستی هاوسەرگیری فەرمی یان پەیوەندی ژن و مێردایەتی

---

[1] Cambridge Dictionary, Cohabitation (n. d.) < https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/cohabitation > accessed: 5 January 2024.

[2] The Free Dictionary, Cohabitation (n. d.) < https://legal-dictionary.thefreedictionary.com/cohabitation > accessed: 5 January 2024.

[3] Legal Dictionary (n. d.), Cohabitation < https://legaldictionary.net/cohabitation/ > accessed: 5 January 2024.

[4] عصر ایران، ازدواج سفید نه، همباشی سیاه، ٢٠٢٢/١١/٢٤ <https://www.asriran.com/fa/amp/news/867432> بازدید شده است٢٠٢٤/١/١٠.

[5] آزاده زینلی، مسعود راعی و محمد باقر عامری نیا، نگرشی فقهی به نقش ازدواج سفید و جایگاه ازدواج موقت در تحول قوانین نظام خانواده درجامعه اسلامی، دو فصلنامەی علمی پژوهشی فقه و مبانی حقوق اسلامی، شماره(٣) سال سیزدهم، ١٣٩٩ش -٢٠٢٠ز، ص٧٦.

[6] مهدی قنبریان، بررسی ازدواج سفید در نظام حقوقی ایران و غرب، فصلنامه مطالعات حقوق، زمستان، شماره هفدهم، 1396ش -٢٠١٧ز، ص١٧٦.

هەبێت."1 لە سەرچاوەیەکی تری زانستیدا هاتووە: "هاوسەرگیری سپی هاوتایە لەگەڵ وشەی (Cohabitation) و ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە پەیوەندی نیمچە هاوسەرگیری، هاوماڵی، هاوسەرێنی، هاوژیانی و ... هتد کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە ئامانجی دابینکردن و تێرکردنی پێداویستییە هاوبەشە سۆزداری و سێکسییەکانی نێوان کچان و کوڕان سەڵت یان جیابووەوە دروست دەبێت."2 هەروەها هاتووە "هاوسەرگیری سپی بە دۆخێک دەوترێت کە تیایدا دوو کەس بە شێوەی ژن و مێردایەتی ژیان بەسەردەبەن لە کاتێکدا کە هیچ جۆرە ڕێوڕەسمێکی هاوسەرگیری یاساییان ئەنجام نەداوە. هەروەها تیایدا ژن و پیاو بە شێوەیەکی نایاسایی هاوماڵ دەبن، لەکاتێکدا ئەو ماوەیەی کە بڕیارە پێکەوە بژین، نادیارە."3

لە ئەنجامی خستنەڕووی پێناسەکانی سەرەوە، دەتوانین پێناسەی هاوسەرگیری سپی بکەین بە شێوازێك کە لە گەڵ مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە بگونجێت بەوەی کە بریتییە لە ڕێکەوتنێکی زارەکی لەنێوان کچ و کوڕێک بۆ پێکەوەژیان هاوشێوەی دوو هاوسەر، و بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیەکی ئابووری، سۆزداری، سێکسی یان هەر بەرژەوەندییەکی تر، بەبێ ئەوەی هیچ بناغەیەکی شەرعی و یاسایی یان هیچ پابەندبوونیان بە ماف و ئەرک لە نێوانیاندا هەبێت، کە ئەمەش جۆرێکە لە بێ ڕێزیکردن بەرامبەر ئایین و کۆمەڵگا و کار بۆ دورخستنەوەی خەڵک لە شێوازی ژیانی ئیسلامی و ڕەوایی کۆمەڵایەتی و یاسای دەکات.

لە کۆتایی ئەم باسەدا پێویستە بگوترێت هاوسەرگیری دروست و یاسایی بە ئاشکرا و بە تۆمارکردن لە دەسەڵاتی یاسایی و بە پێی یاساکانی هەر وڵاتێک دەست پێ دەکات، بەڵام هاوسەرگیری سپی تەنها بە بڕیاری ئافرەت و مێرد و بەبێ تۆمارکردنی یاسایی دەست پێدەکات، واتە بەسە بۆئەوەی ئافرەت و پیاو بڕیاربدەن لەیەک ماڵدا پێکەوە بژین بۆ ئەوەی پێناسەی هاوسەرگیری بۆیان گونجاو بێت(عروسکو، بدون سال انتشار).

### ٢.٢ هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیری سپی

هاوسەرگیری سپی وەک زۆرێک لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، لەدایکبوونی شارستانیەتی ڕۆژئاوایە. لە ڕۆژئاوادا لە سەدەکانی (١٧و١٨)یەوە، لەگەڵ دەستپێکردنی چاکسازییە ئاینییەکان چەمکی هاوسەرگیری وردە وردە گۆڕانکاری بەسەردا هات و هاوسەرگیری کەمتر وەک کارێکی پیرۆز ناسێندرا.4 ئەم گۆڕانکاریانە بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی سێکسی (ئازادی سێکسی لە ساڵانی (١٩٦٠-١٩٨٠)ەکان لە ڕۆژئاوا کە بە شۆڕشی سێکسی ناودەبرێت) کە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو بەرنگاری نۆرمە سێکسییەکانی ڕابردوو بوو و لە کۆتاییەکانی ساڵی١٩٦٠ لە وڵاتانی ئەوروپا هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانکاری بنەڕەتی لە گوفتاری سێکس و هەڵوێستەکاندا هێنایە بوون و بووە هۆی فراوانبوونی سێکس پێش هاوسەرگیری.5 فراوانبوونی پەیوەندی سێکسی پێش هاوسەرگیری زەمینەی بۆ گۆڕانکارییە چارەنوس سازەکانی داهاتوو ئامادە کرد لەوانەش زەمینەی کۆمەڵایەتی پێویست بۆ سەرهەڵدانی هاوسەرگیری سپی-هاوماڵی. هەرچەندە هاوماڵی دیاردەیەکی نوێ نییە لە ئەوروپا و پێش شۆڕشی سێکسیش بە هۆکاری جۆراوجۆر لە هەندێ کۆمەڵگای ئەوروپا هەبوو وەک کێشەی

---

[1] مهتاب مقیمی و آرش کامرانلو، بررسی اثرات و تبعات حقوقی ازدواج سفید در حقوق ایران با نگاهی تطبیقی به قوانین و مقررات فرانسه، دو فصلنامه بین المللی تحقیقات حقوق قضایی، دوره (٢)، شماره (٤)، ١٤٠٠ ش -٢٠٢١ز، ص١٠٢.

[2] سید حسین شرف الدین و جلال عراقی، بررسی تحلیلی مختلف ازدواج سفید در ایران( مؤلفه‌ای از سبک زندگی غربی)، پژوهشی پژوهش نامه سبک زندگی، ایران، شماره(٩)سال پنجم، ١٣٩٨ش -٢٠١٩ز، ص١٠٦.

[3] فرهاد نصرتی نژاد و گیتی بهرامی، عوامل تعیین کننده همباشی، فصلنامه مددکاری اجتماعی، دوره(٦)، شماره(٢)، ١٣٩٦ش -٢٠١٧ز، ص٣٧.

[4] فاطمه حمزه‌لوی، ازدواج در محضر مدرنیته؛ همباشی سیاه، بررسی عوامل پیدایش گونه‌های جدید روابط زن و مرد از جمله (ازدواج سفید) و پیامدهای اجتماعی آن ها، دفتر فنی تولی، ایران، ١٣٩٥ش -٢٠١٦ز، ص٨.

[5] عظیم عظیم پور مقدم و فاطمه پاپی نژاد، راهکارهای مقابله با ازدواج سفید از منظر قرآن و روایات، مطالعات راهبری زنان، دووره بیست و یکم، شماره ٨٤، ١٣٩٨ش -٢٠١٩ز، ص٧٢.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

ئابووری کە زۆرجار کەسانی هەژار توانای هاوسەرگیریان نەبووە، دەچوونە ناو ئەم جۆرە پەیوەندییانە، بەلام بێگومان لەو سەردەمدا دەگمەن و ناياسايی بوو و ئەنجامدەرانی سزا دەدران 1.

لە قۆناغی یەکەم و لە ئەوروپا، هاوسەرگیری سپی لە سوید ڕوویدا و قبوڵکرا، پاشان لە وڵاتانی ناوەڕاستی ئەوروپا وەک: فەڕەنسا، نەمسا، سوسیرا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا و ئینگلتەرا و دواتر لە وڵاتانی وەک ئیسپانیا، پورتوگال، ئیتاڵیا و یونان بڵاوبووەوە کە ئەم وڵاتانە وەک پەیوەندییەکی یاسایی پشتگیریان لێکرد و قبوڵیان کرد یانیش لە دژیان نەوەستانەوە.2 ئەم هاوسەرگیریە لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان وەکو ئەمریکا، کەنەدا بەرازیل، ئەرجەنتین و فەنزویلا، کوبا و کۆلۆمبیا بڵاوبوویەوە؛3 و هەرچەندە درەنگ، بەلام گەیشتە چەند وڵاتێکی ئاسیا وەکو ژاپون، فلیپین، تایلەند، سەنگافورە، هیندستان و هەندێک وڵاتانی تریش کە لە ساڵانی دویدا ڕەوتێکی بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە.4 ئێرانیش نموونەیەکی دیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە کە بەشێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە و لەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوریانەی جیهان پارێزراو نەبووە.5

کەواتە دەردەکەوێت کە بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیری سپی یاخود پێکەوەژیانی هاوماڵی لە جیهاندا لە زیادبووندایە. هۆکارەکانی ئەم بڵاوبوونەوەیەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازن و دەگۆڕێن بەپێی بارودۆخی وڵاتەکە، بۆ نموونە لە ئەمریکادا چەندین توێژینەوەی جیاواز ژمارەیەک هۆکار وەکو بەسەربردنی کات لەگەڵ یەکتر، دابەشکردنی خەرجییەکان و بەهادان بە گونجانی یەکتر،6 بەسەربردنی کاتێکی زیاتر لەگەڵ یەکتر و ئاسانکاری پەیوەندیکردن،7 کەمبوونەوەی داهات و کەمتر خوێندن8 بە هۆکاری ڕووکردنە هاوسەرگیری سپی دادەنێن. لە ئەفریقای باشوور هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ سنووردارکردنی کەلتووری و سنووردارکردنی ئاینی و کەمی بەهای ئافرەتان لە کۆمەڵگادا.9 لە استرالیا لە ئەنجامی ئەو توێژینەوانەی کە ئەنجامدراون دەرکەوتووە کە کەسانی تەمەن پانزە بۆ نۆزدە ساڵی

---

[1] Kathleen Kiernan, 'The Rise of Cohabitation and Childbearing Outside Marriage in Western Europe' 15(1)2001 International Journal of Law, Policy and the Family, 1-21.

[2] میثم موسی زاده، محسن باقری توانی و عادل نحوی، دیدگاه حقوقی نسبت به ازدواج سفید در ایران، (١٣٩٦ش -٢٠١٧ز) موجود در < https://www.sid.ir/paper/897513/fa > بازدید شده است ٢٠٢٤/١/١٤.

[3] Goodwin et. al وەرگیراوە لە تقی آزاد ارمکی و دیگران، هم خانگی؛ پیدایش شکل های جدید خانواده در تهران، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، شماره (١) سال سوم، ١٣٩١ش -٢٠١٢ز، ص٤٦.

[4] هەمان سەرچاوە، لا ص٤٦-٥٠.

[5] لیلا سلیمانی نیا، علیرضا جزایری و پروانه محمدخانی، نقش سلامت روان در ظهور رفتارهاي پرخطر نوجوانان' فصلنامة علمي پژوهشي رفاه اجتماعي، سال (٥) شماره (٣)، ١٣٨٤ش -٢٠٠٥ز، ص ٧٥-٩٠؛ تقی آزاد ارمکی و دیگران، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٦-٥٠؛ آزاده زینلی، مسعود راعی و محمد باقر عامری نیا، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٤؛ سید حسین شرف الدین و جلال عراقی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٥-١٢٤.

[6] Penelope M. Huang et. al., 'He Says, She Says: Gender and Cohabitation' 32(7) 2011 Journal Family Issues 876- 905.

[7] Galna K. Rhoades, S M Stanley and H J Markman, 'Couples' reason for cohabitation: Associations with individual well-Being and Relationship Quality' 30(2) 2009 Journal Family Issues 233-258.

[8] Volerie Kincaode Oppenheimer, 'Cohabiting and marriage during young men's career - development process' 40 (1) 2003 Demography 127-149.

[9] Dorrit Posel and Stephonie Rudwick , 'Ukukipita (cohabitation): Socio- Cultural Constraints in Urban Zulu Society' 49(3) 2014 Journal of Asian and African Studies 282-297.

زیاتر مەیلیان بۆ هاوسەرگیری سپی هەیە و ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ئاین نییە زیاتر پەنا دەبەنە بەر هاوسەرگیری سپی.1 لە وڵاتی صیندا لەڕێگەی لێکوڵینەوەکانەوە گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە هاوسەرگیری سپی لە ناو پیاوانی خوێندەوار و ئافرەت و پیاوی چینی سەرەوە زیادی کردووە، و جگە لەمەش یەکێکی تر لە هۆکارەکانی هاوسەرگیری سپی دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێرنیزاسیون و شارنشینی.2 لە کۆلۆمبیا هۆکارەکانی پەنابردنە بەر ئەم جۆرە هاوسەرگیریە دەگەڕێنەوە بۆ پێداویستییەکانی نیشتەجێبوون، ئاسوودەیی و ئاسایش، عەقلانییەتی ئابووری، پێداویستی دارایی، پابەندبوون، بەسەربردنی کاتێکی زیاتر لەگەڵ یەکتر و بارودۆخی خێزانی .3

لە ئێرانیش کۆمەڵێک گۆرانگاری و هۆکار بوینەتە هۆی ڕووکردنی خەڵک بۆ هاوسەرگیری سپی. لە توێژینەوەیەکی مەیدانی کە لە ئێران ئەنجامدراوە دەردەکەوێت کە گرنگترین هۆکارەکانی پەنابردنە بەر هاوسەرگیری سپی لە لایان گەنجانی ئێرانی بریتین لە: گۆڕانکارییە ئابوورییەکان (هاتنەکایەی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی نائەمنی کار و بێکاری)؛ گۆڕانکارییە نەریتی و کلتوورییەکان؛ و هاتنە کایەوەی ڕەگەزەکانی نوێکردنەوە وەک هاتنە ناوەوەی مانگی دەستکرد، ئینترنێت، زیادکردنی ئاسانکارییەکانی پەیوەندییەکانی شاراوەی کەسی وەک چات و کورتەنامە؛ و زیادبوونی زانکۆکان و فراوانبوونی پەروەردەی هاوچەرخ و شارنشینی بە چەندین مەبەستی جیاواز و سەرهەڵدانی دەرفەتی نەناسراو. سەرەڕای ئەمانەش، گۆرانگارییەکانی خێزان و هاتنە ناوەوەی کچان بۆ ناو بوارە کۆمەڵایەتییەکان، و بڵاوبوونەوەی شارنشینی و تێکچوونی چەمکی گەڕەک هۆکاری دیکەی ئاسانکاری ئەم پەیوەندییانەبوون کە وردە وردە چەمکی دراوسێیەتی بەمانای پێشووی خۆی لەدەستدا و جێگەی خۆی بە کۆبوونەوەی مرۆڤانی بەبێ شوناسی گروپ دا. لەلایەکی دیکەوە بێباکی کۆمەڵایەتی لە شارە گەورەکان زیاد دەکات و تەنانەت دوای ساڵانێک لەژیان لە تەنیشت یەکتر دوو دراوسێ یەکتر ناناسن و لەم ڕووەوە ئەو کچ و کوڕانەی کە پێشتر پەیوەندی خۆیان ئاشکرا نەدەکرد بۆ پاراستنی ئابڕوویان لەسەر ئاستی گەڕەک، ئەمجارەیان لە دڵی نادیاربوونی شارەکاندا ئیتر خۆیان لە پەیوەندییە ناتەقلیدییەکانیان بەدوور ناگرن.4 لەگەل ئەمانەشدا، کەمبوونەوەی ئەدای کارکردن و گرنگی خێزان، تێکچوونی پێوەرەکانی هاوسەرگیری، هەستکردن بە سەربەخۆیی زیادتر و یەکسانی، بڕوانەبوون بە هاوسەرگیری یان ترس لێی یاخود بێهیوابوون لە هاوسەرگیری، هۆکارگەلی ترن لای تاکی ئێرانی بۆ پەنابردنە بەر هاوسەرگیری سپی.5

لێرەدا دەتوانین بلێین دەکرێت ئەم هۆکارانە بە زەنگێکی مەترسیدار دابنرێت بۆ شیرازەی خێزان لە هەرێمی کوردستان کە لە داهاتوودا هەمان ئەم هۆکارانە ببنە هۆی دروستبوون و ئاساییوونی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەمەش بەهۆی تێکەڵاوبوونی کلتورەکان و بەهاکان، نزیکی داب و نەریتی وڵاتی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بۆیە بە ڕەچاوکردنی ئەم هۆکارانە دەکرێ چارەسەر گەلێک دابنرێت بۆ رێگری لە تەشەنەکردنی ئەم جۆرە دیاردەیە و هاوچەشنەکانی.

### ٢.٣ جۆرەکانی هاوسەرگیری سپی لە ڕوانگەی فقهیەوە

هاوسەرگیری سپی یاخود هاوماڵی دابەشی چەند جۆرێکی جیاواز کراوە، بۆ نموونە لە ڕۆژئاوادا دابەشی دوو جۆر کراوە: هاوماڵی پێش هاوسەرگیری و هاوماڵی بەبێ هاوسەگیری. لە جۆری یەکەمیاندا هاوماڵی زیاتر وەک قۆناغی

---

[1] Ken Dempsey and David de Vaus, 'Who Cohabits in 2001? The Significance of Age, Gender, Religion and Ethnicity' 40(2) 2004 Journal of Sociology 157-178.

[2] Jia Yu and Yu Xie, 'Cohabitation in China: Trends and Determinations' 41(4) 2015 Population and Development Review 607-628.

[3] Sharan Sassler and Amanda J. Miller, 'Waiting to be asked: Gender, Power, and Relationship Progression Among Cohabiting Couples' 32(4) 2011 Journal Family Issues 482-506.

[4] تقی آزاد ارمکی و دیگران، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٣-٦٩.

[5] مهران سهراب زاده، میلاد نوروزی و اسماء عسکری کوبری، ازدواج سفید؛ انگیزەها و زمینەها، فصلنامه جامعەشناسی سبک زندگی، شماره(١٠) سال سوم، ١٣٩٦ش -٢٠١٧ز، ص١٨٩-٢٤٩.

سەرەتایی و تاقیکردنەوەن بۆ هاوسەرگیری فەرمی، بەڵام لە جۆری دووەمیاندا، ئەم هاوسەرگیریە، هاوسەرگیری فەرمی وەلاناوە و خۆی شوێنی گرتۆتەوە. بەمەش، هاوماڵی پێش هاوسەرگیری بە "دواخەری" هاوسەرگیری دادەنرێت و کەمتر نەوەی تیادەخرێتەوە و لە جۆری دوەمیاندا بە "ڕەتکەرەوە"ی هاوسەرگیری لە قەڵەم دەدرێت و زیاتر نەوەی تێدا دەخرێتەوە. لە جۆری یەکەمدا ئەم هاوسەرگیریە ماوە کورتە و لە جۆری دووەمدا ماوە درێژ دەبێت.1 توێژەران و لێکۆڵەرانی ئێرانیش لە چوارچێوەی یاسا و فیقە، لە سێ حاڵەتدا هاوسەرگیری سپییان خستووتەڕوو، کە لە سێ تەوەری جیاوازدا باسی ئەو جۆر و حاڵەتانەی هاوسەرگیری سپی دەکرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

### ٢.٣.١ نەبوونی مەبەست یاخود ئیرادە لە هاوسەرگیری شەرعی

یەکێک لە جۆرەکانی هاوسەرگیری سپی ئەوەیە کە لایەنەکان بۆ ماوەیەک پێکەوە دەمێننەوە بەبێ ئەوەی مەبەستی هاوسەرگیری شەرعی دروستییان هەبێت و زۆربەی نموونەکانی هاوسەرگیری سپی لەم جۆرەن. پێویستە بگوترێت ئیرادە ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەیە لە دروستکردنی گرێبەست. هەندێك لە فەقیهەکان پێیان وایە ئیرادە هەمان مەبەست و ڕەزامەندییە وەك یەكێك لە مەرجەکانی گرێبەست هەژمار دەکرێت.2
لە فقهی ئیسلامیدا گرنگی ئیرادە لە دروستکردنی شوێنەواری یاساییدا ئەوەندە زۆرە کە ئەگەر گرێبەستکار مەبەستی لفظ (دەربڕینی ایجاب و قبول) یان مەبەستی بەستنی گرێبەستی نەبێت ئەوا کردەوەکەی پووچەڵ دەبێتەوە.3 لە یاسای شارستانی ئێراندا ئیرادە و مەبەستی لایەنەکان و ڕەزامەندی لایەنەکان لەسەر گرێبەستەکە بە مەرجی بنەڕەتی بۆ دروستی گرێبەستەکە دادەنرێت و نەبوونی ئیرادە بەهۆکاری پووچەڵبونەوەی گرێبەستەکە دادەنرێت.4 لە چوارچێوەی یاسایی شارستانی عێراقیش، بە هەمان شێوە ئیرادەی لایەنەکان بە مەرج دانراوە لە ئەنجامدانی گرێبەستدا چونکە عقد گونجاندنی دوو ئیرادە یان زیاترە بۆ شوێنەواری یاسایی، بە جورێک ئە داواکارییەکە لە لایەنێک دەردەچێت و لایەنەکەی تر قبوڵی دەکات.5
بەم پێیە لە ئەنجامی ئەم خستنەڕووەدا لە حاڵەتی یەکەمی هاوسەرگیری سپی ڕوونە کە لایەنەکان مەبەستیان نییە بە شێوەیەکی شەرعی و یاسایی خێزان دروست بکەن و تەنیا مەبەستیان پێکەوەژیانێکی کاتییە، کەواتە مەرجی مەبەست و ڕەزامەندی لایەنەکان کە یەکێکە لە مەرجەکانی ڕەوایی هاوسەرگیری بوونی نییە، بۆیە ئەو کردارەی لایەنەکان پووچەڵە.

### ٢.٣.٢ هاوسەرگیری بە مەبەست و بێ دەربرین

لە هەندێک حاڵەتدا مەبەستی لایەنەکان ئەوەیە کە ماوەیەک پێکەوەبژین بۆ هەڵسانگاندن و تێگەیشتنێکی باشتر لەیەکتر و پاشان بڕیاربدەن کە ئایا دەتوانن لایەنی بەرامبەر وەک هاوسەری خۆیان هەڵبژێرن یان نە. بەم شێوەیە ڕەنگە ئەم مەبەستە وەک خۆی بمێنتەوە و لە کۆتاییدا ببێتە هۆی هاوسەرگیرییەکی شەرعی دروست و ئەگەریشی هەیە بە تێپەڕبوونی کات نییەتی هاوسەرگیری شەرعی کاڵ ببێتەوە و دواجار لەناوبچێت. نزیک لەهەمان مانا لە فقهی ئیمامییە لەلایەن زانایانەوە لەژێر ناونیشانی هاوسەرگیری معاطاتی* باسکراوە.1

[1] فاطمە حمزەلوی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠.

[2] الشيخ علی بن الحسن الكركی، جامع المقاصد في شرح القواعد،جلد ٤، الطبعة الثانية، مؤسسه آل بيت (عليهم السلام) لأحياء التراث، قم، ١٤١٤ه -١٩٩٤ز، ص٦١.

[3] الشيخ الأعظم مرتضى الأنصاري، كتاب المكاسب، جلد ٣، الطبعة الثانية، إعداد لجنة تحقيق تراث الشيخ الأعظم، مجمع الفكر الإسلامي، قم، ١٤٢٠ه -٢٠٠٠ز، ص٢٩٥.

[4] قانون مدنی ایران مصوب ١٣٠٧ش (١٩٢٨ز) و اصلاحيات،ماده١٠٧٠، ١٩٠،١٩١.

[5] یاسای شارستانی عێراق ژمارە(٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو، مادده ٧٣ و٧٧.

* هاوسەرگیری معاطاتیش بریتییە لە هاوسەرگیریەک کە لە نێوان ئافرەت و پیاوێکدا بەمەبەستی پێکهێنانی خێزان و مافی چێژ دامەزراوە، بەڵام ایجاب و قبوڵکردنی زارەکی تێدا نییە و دەکرێت لایەنەکان لەسەر مارەی و نفقە و مافەکانی دیکە ڕێکبکەون.

بۆ ئەوەی نیەتی هاوسەرگیری کاریگەر بێت پێویستە لە دەرەوە دەربکەوێت و لە ڕێگەی یەکێک لە ئامرازە ئاساییەکانەوە دەرببڕێت. لە شێوازی بەدیهێنانی مەبەست لە جیهانی دەرەوەدا دەتوانرێت چەندین ڕێگا بەکاربهێنرێت وەک دەربڕین، نووسین، ئاماژە و کردار. لە فقهدا دەربڕینی ایجاب و قبوڵ بە باشترین ئامرازی دەربڕینی مەبەست دادەنرێت،2 بەو پێیەی بوونی دەربرین لە گرێبەستدا پێویستە. فەقیهەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە لە جێبەجێکردنی گرێبەستی هاوسەرگیریدا ایجاب و قبوڵکردنی زارەکی پێویست و زەرورییە.3 مادەی(١٠٦٢)ی یاسای شارستانی ئێران بەڕوونی باس لەوە دەکات کە "هاوسەرگیری بە ایجاب و قبوڵکردن بەو ووشانە ئەنجامدەدرێ کە بەڕوونی ئاماژە بە گرێبەستی هاوسەرگیری دەکەن." هەروەها لە مادە (٤)ی یاسای باری کەسێتی عێراق ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراوی بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە "گرێبەستی هاوسەرگیری دەبەسترێت بە دەربڕینی ایجاب بە زمان (لغة) یان دابونەریت لە لایان یەکێک لە گرێبەستکاران و قبوڵکردن لە لایەن ئەوەی دیکە و ...". کەواتە لە فیقە و یاساشدا جەخت لە دەربرینی ایجاب و قبوڵ دەکرێتەوە. بۆیە ناتوانرێت هیچ هۆکارێک بۆ دروستبوونی هاوسەرگیری سپی بدۆزرێتەوە لەم دۆخەدا.
هەروەک ئاماژەمان پێدا کە هاوسەرگیری سپی بە مەبەست و بەبێ دەربرینی ایجاب و قبوڵ، پێکەوەژیانێکە هاوتایە لەگەڵ هاوسەرگیری معاطاتی. الشيخ الطائفة أبی جعفر الطوسي ئاماژەی بەوە داوە کە ڕوانگەی پوچەڵبوونی ئەم هاوسەرگیریە لە فقهی ئیمامیدا ئیعتبارێکی زۆری هەیە و نزیکەی هەموو ئەو فەقیهانەی کە بەر مشتومڕی هاوسەرگیری کەوتوون، جەختییان لەسەر پێویستی ایجاب و قبوڵکردنی زارەکی کردووتەوە،4 هەروەها لە سەرچاوەیەکی زانستیدا هاتووە کە زۆربەی توێژەران و فەقیهەکان پێیان وایە هاوسەرگیری معاطاتی پووچەڵە چونکە دەربرینی زارەکی بوون پێویستە.5 کەواتە بەپێی بوچوونی ئەو فەقیهانەی کە باوەڕیان بە پوچەڵبوونەوەی هاوسەرگیری معطاتی هەیە، هیچ شوێنێک بۆ هاوسەرگیری سپی نەماوە چونکە لە هاوسەرگیری معاطاتی تەنها دەربرین نییە و مەبەستی لایەنەکان بەڕوونی و بەکردار دیاری دەبێت و خانەوادەی لایەنەکان ئاگاداری هاوسەرگیرییەکەن، سەرەرای ئەمەش هەر پێیان وایە پووچەڵە؛ جا لە هاوسەرگیری سپیدا کە لایەنەکان مەبەستی هاوسەرگیرییان هەیە بەڵام لەبەرئەوەی نەچنە ژێرباری بەرپرسیاریەتی، گرێبەستەکە ئەنجام نادەن و تۆماری ناکەن و زۆربەی جاریش بەنهێنی و بەبێ ئاگاداری خێزانیش ئەنجامی دەدەن، بە شێوەیەکی لە پێشتر لە هاوسەرگیری معاطاتی، بڕیاری پوچەڵبوونەوەی دەدرێت.

### ٢.٣.٣ هاوسەرگیری بە مەبەست و بە دەربڕین

دوا جۆر کە بۆ هاوسەرگیری سپی پێشبینی دەکرێت حاڵەتێکە کە لایەنەکان بەمەبەستی هاوسەرگیری لەلای یەکتر دەبن، و ایجاب و قبوڵی زارەکیش بەکاردەهێنن، بەڵام مەرجەکانی تری دروستی هاوسەرگیری بوونیان نیە کە لە شەرع و یاسادا بە مەرج گیراون. یەکێک لە مەرجەکان بوونی ایجاب و قبوڵی زارەکییە، بەلام فەقیهەکان سەرەرای دەربرینی ایجاب و قبوڵ، مەرجی تریان بۆ داناوە کە بریتیین لە ڕەوایەتی فۆڕم یان شکڵی تایبەت و هاتنی ایجاب پێش قبوڵکردن.6 دادوەر کەمال ئاماژە بەوە دەدات کە ایجاب و قبوڵکردن هەر دەستەواژەیەکن لە لایان هەردوو لایەنی گرێبەستی هاوسەرگیری یان

---

[1] علی نصرتی، سید ابوالقاسم حسینی زیدی و موسی لشنی، ازدواج سفید از منظر فقهی – حقوقی، مطالعات راهبردی زنان، دوره (٢٣)، شماره (٩١)، ١٤٠٠ش -٢٠٢١، ص٩٦.

[2] الشيخ الأعظم مرتضى الأنصاري، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٧.

[3] الشيخ يوسف بن احمد بن ابراهيم درازي بحراني، الحدائق الناضرة، الجزء الثالث والعشرون ، مؤسسه النشر الأسلامی، قم، ١٤٠٥ه -١٩٨٤ز، ص١٥٦.

[4] الشيخ الطائفة أبی جعفر محمد بن الحسن بن علي الطوسي، المبسوط فقه الإمامية، الجزء الرابعه، المكتبه المرتضويه، تهران، ١٣٨٧ش - ٢٠٠٨ز، ص١٩٣.

[5] علی نصرتی، سید ابوالقاسم حسینی زیدی و موسی لشنی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٨.

[6] الشيخ محمد حسن نجيفی، جواهر الكلام في شرح الاسلام، الجزء التاسع والعشرون، الطبعة السابعة، دار أحياء التراث العربی، بیروت، ١٩٨١ز، ص ١٣٢.

بریکارەکانیان یان سەرپەرەشتیارەکانیان دەردەچن کە لە رووی زمانەوانی یان دابونەریتی کۆمەڵایەتی مانای ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری دەگەینن و دەشکرێت بە شێوەی هێماکردن یان نووسین دەربرِدرێن لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا وەکو ئەوەی کە کەسێک لاڵ بێت یان توانای ئامادەبوونی نەبێت.1 جا ئەگەر لایەنەکان پابەند نەبن بە مەرجەکانی ایجاب و قبوڵکردنی زارەکی و بە ووشەی تر دەریانبرِن، بۆ نموونە ئەگەر کورِەکە بڵێت (تۆم دەستکەوت) و کچەکەش بڵێت(ئۆکەی) یان ئەگەر کچەکە بڵێت(تۆ هاوسەری من بە) و کورِەکەش بڵێت(بە چاوان) لەم حاڵەتەدا بە دڵنیاییەوە دەربرِینەکان بە شەرعی بەکارنەهێنراون و بوونیان بە پوچەڵ دادەنرێت و لە ئەنجامدا دەچێتە پاڵ حاڵەتی دووەمی هاوسەرگیری سپی و هەمان حوکمی دەبێت. بەڵام ئەگەر لایەنەکان رەچاوی مەرجەکانی ایجاب و قبوڵکردنی شەرعی بکەن و دربرِینی تایبەتی شەرعی بەکاربهێنن و مەرجەکانیتری هاوسەرگیری هەبن، دەبێتە هاوسەرگیرییەکی شەرعی.2
یەکێکیتر لە مەرجەکانی فقهی بۆ هاوسەرگیری شەرعی، مۆڵەتی سەرپەرشتیارە. سەرەرای بوونی جیاوازی بیرورِا لەنێوان فەقیهەکان، بەلام رای زۆرینە ئەوەیە کە ئەگەر کچ پاکیزە بێت و مۆڵەتی سەرپەرشتیاری وەرنەگرتبێت، ئەوا ئەم هاوسەرگیرییە سپییە و پوچەڵە.3 هەروەک چۆن لە مادده (١٠٤٣)ی یاسای شارستانی ئێرانیشدا هاتووە "کچێکی پاکیزە، ئەگەر تەمەنی باڵغبوونیشی گەیشتبێت، لەسەر مۆڵەتی باوکی یان باپیری(باوکی باوکی) دەوەستێت و ئەگەر باوک یان باپیری رەتیکردەوە مۆڵەت بدات بەبێ هۆکارێکی دروست، ئەوا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە...". بەڵام ئەگەر کچ پاکیزە نەبێت، مۆڵەتی سەرپەرشتیار پێویست ناکات4 یان ئەگەر کچ پاکیزە بێت و مۆڵەتی سەرپەرشتیاری وەرگرتبێت، لەم حاڵەتانەدا ئەگەر مەرجەکانیتری هاوسەرگیری هەبن، ئەوا بابەتەکە لە دەرەوەی هاوسەرگیری سپیدا دەبێت و دەبێتە هاوسەرگیری شەرعی. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین سەرەرای بوونی مەبەست و دەربرِینی ایجاب و قبوڵ، نەبوونی هەر مەرجێکیتری یاسایی و شەرعی، هاوسەرگیرییەکە دەکاتە هاوسەرگیری سپی.

## ٣ .حوکم و شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی لە چوارچێوەی یاساکانی وڵاتی ئێران و هەرێمی کوردستان

ئایینی فەرمی لە ئێران و هەرێمی کوردستان ئایینی پیرۆزی ئیسلامە. ئایینی ئیسلام گرنگی تەواوی بە هاوسەرگیری دروست و شەرعی داوە. خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز سورەتی الروم(٢١)دا دەفەرموێت (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) واتە: یەکێک لە بەڵگە و نیشانەکانی خودای گەورە ئەوەیە کە هەر لە خۆتان چەندین هاوشان و هاوسەری بۆ دروست کردوون تا بحەسێنەوە لە پاڵیاندا و خۆشەویستی و میهرەبانیشی خستۆتە نێوانیان و بەرِاستی لەم باسەدا چەندین نیشانەی خودای گەورەی تێدایە بۆ گەلێک کە بیر بکاتەوە. لەبەرئەوەی کە پرۆسەی هاوسەرگیری پیرۆزترین پەیوەندییە، پێغەمبەر(د.خ) هاوسەرگیری بە هەوێنی خۆشەویستی خودا دەزانێت و دەفەرموێت (ما بنى بناء في الاسلام أحب إلى الله من التزويج)5 واتە: لە ئیسلامدا هیچ بناغەیەک نییە بەقەد هاوسەرگیری خۆشەویست بێت لای خودا. و هەروەها پێغەمبەر (د.خ) فەرمان دەکات بە هاوسەرگیری کردن چونکە کەسێک ئافرەتی هێنابێت ئەوا نیوەی ئیمانەکەی تەواو بووە وەکو دەفەرموێت (من رزقه الله امرأة صالحة فقد أعانه على شطر دينه فليتق الله في الشطر الباقي)6 واتە: هەر کەسێک خودای گەورە ئافرەتێکی چاکی پێببەخشێت ئەوا یارمەتی داوە لەسەر نیوەی دینەکەی، دەبا تەقوای خودا بکات بۆ بەدەست هێنانی نیوەکەی تری.

---

[1] دادوەر کەمال رەزا ئەحمەد، شرۆڤەی یاسای باری کەسێتی عێراقی، چاپی یەکەم، سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، سلێمانی، ٢٠١٢، لا ٧٦ و٧٧.

[2] علی نصرتی، سید ابوالقاسم حسینی زیدی و موسی لشنی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٩ و ١٠٠.

[3] هەمان سەرچاوە، لا ١٠٠.

[4] پایگاه اطلاح رسانی حوزه، اذن پدر در ازدواج دختر غیر باکره (١٣٩١ش -٢٠١٢ز) < https://hawzah.net/fa/Question/View/63805/اذن-پدر-در-ازدواج-دختر-غیر-باکره > بازدید شده است ٢٠٢٤/١/٢٠.

[5] الشيخ الطبرسي، مكارم الأخلاق، باب: فئ أداب النكاح و ما يتعلق به، ط٦، دون مكان و سنة النشر، ص١٩٦.

[6] محمد ناصر الألباني، صحيح الترغيب و التهريب، ج 2، دون مكان النشر،١٩١٦، ص١٢٤.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

چەندین فەرموودەی پیرۆزی دیکە هەن کە هانی ئەنجامدانی هاوسەرگیری شەرعی دەدەن، بۆ نموونە پێغەمبەر(د.خ) وەکو ڕێگە چارەیەک بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی بە ڕێگای حەلال و ئاموژگاری گەنجانی ئیسلام دەکات کە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و دەفەرموێت (يا معشر الشباب، من استطاع منكم الباءة فليتزوج؛ فإنه أغض للبصر، وأحصن للفرج، ومن لم يستطع فعليه بالصوم؛ فإنه له وِجَاءٌ)1 واتە: ئەی کۆمەڵی لاوان کێ لە ئێوە توانای جەستەی و ماددی هەیە با ئافرەت بهێنێت چونکە ئافرەت هێنان چاو و داوێن دەپارێزێت لە حەرام، هەر کەسێکیش توانای نەبوو با بەڕۆژوو بێت چونکە ڕۆژوو قەڵغان و سەرشکێنی ئارەزووەکانە لە تاوان دەیپارێزێت. کەواتە زۆر گرنگە کوڕان وکچان بیر لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری شەرعی بکەنەوە چونکە بە پێچەوانەوە داوێنپیسی بڵاو دەبێتەوە، بۆیە پێغەمبەر (د.خ) وەک ئاگادارییەک لەو کارەساتانەی کە دەکەوەنەوە لە ئەنجامی پێکنەهێنانی خێزان دەفەرموێت (إِذَا خَطَبَ إِلَيْكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَزَوِّجُوهُ، إِلَّا تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ، وَفَسَادٌ عَرِيضٌ)2 واتە: ئەگەر کەسێک هاتە خوازبێنی ئەوانەی لەژێر ولایەتتاندایە، ڕازی بوون لە دین و ڕەوشتی ئەوا ئافرەتی پێبدەن، ئەگەر نا ئەوا ئاشووب و خراپەی گەورە لەسەر زەویدا بڵاودەبێتەوە .

بە پێی شەریعەتی ئیسلامی هەر جۆرە هاوسەرگیریەک کە مەرجەکانی هاوسەرگیری شەرعییان تێیدا نەبێت، لەوانەش هاوسەرگیری سپی، دۆستایەتی و بەیەکەوەبوون و پەیوەندیەکی ناشەرعی نێوان کچ و کوڕێک(دوو نامەحرەم)ە و گوناهێکی گەوەرەیە و لە کردەوەکانی زینادا دادەنرێت. بوونی دوو نامەحرەم لەیەک شوێن لەگەڵ ئازادی سێکسیدا حەرامە و سەرزەنشتە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە. ئەمەش بە بەڵگەی قورئانی پیرۆز (سورەتی الفرقان، ٦٨) کە خودای گەورە دەفەرموێت( ... وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذُٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا ) واتە: ... وە زیناش ناکەن وە هەرکەسێک کاری وابکات ئەوا تووشی تاوان و سزای خودای گەورە ئەبێت، لە ڕۆژی دوایدا سزای چەند قاتێک ئەدرێ وە لەناو سزادا ئەمێنێتەوە بەسەر شۆڕی و زەلیلی. پێغەمبەر(د.خ) سەبارەت بە قەدەغەکردنی مانەوە لەگەڵ ئافرەتێکی بێ مەحرەمدا دەفەرموێت (لا يخلونّ رجُل بامرأةٍ إلّا ومعها ذو محرم)3 واتە: پیاو بە تەنها نابێت لەگەڵ ئافرەتێک بێت مەگەر مەحرەمێکی لەگەڵدا بێت، و هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت (من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يخلون بامرأة ليس معها ذو محرم، فإن ثالثهما الشيطان)4 واتە: هەر کەسێک باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوای هەبێت نابێت بە تەنها بێت لەگەڵ ئافرەتێک کە مەحرەمی لەگەڵدا نییە، چونکە شەیتان سێیەمی ئەوانە. کەواتە لەسەر بنەمای ئەم فەرموودانە دروست نییە ئافرەتێک لەگەڵ پیاوێکی نامەحرەم بە تەنها لە شوێنێکدا بمێنتەوە بەبێ ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەنێوانیاندا هەبێت. لەدیدی زانایانی موسلمانیش ئەصل ئەوەیە کە پێکەوە ژیان بەبێ هاوسەرگیری فەرمی لە ڕوانگەی ئاینیەوە جیاوازی نییە لەگەڵ زینا و سیفەتەکانی هاوسەرگیری تیایدا نادۆزرێتەوە.5

بۆ تیشک خستنەسەر حوکم و شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی لە چوارچێوەی یاساکانی ولاتی ئێران و هەرێمی کوردستان کە شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانیانە، ئەم بەشە بەسەر دوو باسی سەرەکی دابەشکراوە، بەم شێوەیە :

### ٣.١ حوکم و شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی لە ڕوانگەی یاساکانی وڵاتی ئێران

مەرجەکانی دروستی گرێبەستی هاوسەرگیری کۆمەڵێک پێوەر و ڕێسان کە تەنها بەپێی ئەم ڕێسایانە گرێبەستی هاوسەرگیری بە دروست و ڕەوا دادەنرێت. بە پێی یاسا بەرکارەکانی وڵاتی ئێران مەرجە سەرەکییەکان بۆ هاتنەدی گرێبەستی

---

[1] صحيح البخاري برقم (٥٠٦٦)؛ صحيح مسلم برقم (١٤٠٠).

[2] محمد بن عيسى بن سورة الترمذي، كتاب النكاح عن رسول الله(ص)، ١٠٨٤؛ أخرجه الترمذي (1084) واللفظ له؛ ابن ماجه (1967) باختلاف يسير.

[3] صحيح البخاري برقم (٤٩٣٥).

[4] مسند أحمد، مسند المكثرين من الصحابة،(١٤٦٥١).

[5] مكارم شيرازى وەرگيراوە لە آزادە زينلى، مسعود راعى و محمد باقر عامرى نيا، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٣.

هاوسەرگیری بریتین لە مەبەست و ڕەزامەندی(قصد و رضا)، جیاوازی ڕەگەز، و شایستە.1 مەبەست و ڕەزامەندی لە پایەکانی هەموو گرێبەستێکن بە هاوسەرگیریشەوە. بەپێی مادەی(١٠٦٢)ی یاسای شارستانی ئێرانی هاوسەرگیری بە ایجاب و قبوڵکردن ئەنجامدەدرێ کە بەڕوونی ئاماژە بە گرێبەستی هاوسەرگیری دەکەن.2 و هەروەها لە مادە (١٥٧٠)ی یاسای شارستانی ئێرانیدا هاتووە "ڕەزامەندی هاوسەرەکان مەرجێکە بۆ ڕەوایی گرێبەستەکە و هەر کاتێک زۆرلێکراو دوای نەمانی زۆرلێکردنەکە ڕێگەی بە گرێبەستەکە دا ئەوا جێبەجێ دەکرێت، مەگەر ئەمر زۆرلێکردنە بە ڕادەیەک بوویێت کە گرێبەستکار مەبەستی لەدەست دابێت(فاقد قصد)". بۆیە تەنها ئیرادەی ناوەوە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا بەس نییە، بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی دروست لە یاسادا دەرببڕێت. هەروەها لە مادەی(١٠٦٧) هەمان یاسادا هاتووە "دیاریکردنی ژن و مێرد بەشێوەیەک کە بۆ هیچ کام لە لایەنەکان گومان لە کەسی بەرامبەر نەبێت، مەرجی دروستی هاوسەرگیرییە". واتە ئەگەر کەسێک هەڵەیەک لە ناسنامەی ئەو کەسەدا بکات کە هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات، ئەوا گرێبەستەکە دروست نیە .

هەروەها یەکێکی تر لە مەرجە سەرەکییەکانی ڕەوایی گرێبەستی هاوسەرگیری جیاوازی ڕەگەزی لایەنەکانی گرێبەستە. هاوسەرگیری لەنێوان دوو کەسی هاوڕەگەز ناتوانرێت بەدی بهێنرێت، چونکە دژی سیستەمی گشتی و ئەخلاقی باشە. بەپێی مادەی (٩٧٥) یاسای شارستانی ئێرانی "دادگا ناتوانێت یاساکانی دەرەکی یان گرێبەستەکانی تایبەت جێبەجێ بکات کە دژی ئەخلاقی باش بن یان کە بەهۆی ئازاردانی هەستی کۆمەڵگا یاخود بە بەهەر هۆکارێکی تر بە پێچەوانەی سیستەمی گشتی دابنرێن، ... ." ئەمە جگە لەوەی لە مادە (١٠٧١)دا هاتوو "هەر یەک لە پیاو و ئافرەت دەتوانێت بۆ گرێبەستی هاوسەرگیری بریکارنامە بدات بە کەسێکی تر" کە لەمر مادەیەدا ووشەی ئافرەت و پیاو بەکارهاتووە واتا بە پێویستی داناوە هاوڕەگەز نەبن، بۆیە جیاوازی ڕەگەز، هەمر مەرجی سەلمێنراوە هەمر مەرجی هەمیشەی هاوسەرگیرییە ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەو جیاوازیە ڕەگەزییەی کە لە کاتی ئەنجامدانی هاوسەرگیریەکەدا هەبووە دەبێت لە ماوەی هاوسەرگیریشدا بەردەوامر بێت.

سەبارەت بە مەرجی شایستەیی هاوسەرگیری، دەتوانرێت بگوترێت شایستەی هاوسەرگیری لە ئێراندا پابەندە بە ڕێسای تایبەت و ڕێسا گشتییەکانی شایستەیی بەتەواوی کاری پێناکرێت. بەپێی مادەی (١٠٦٤) یاسای شارستانی ئێرانی "گرێبەستکار دەبێت ژیر و پێگەیشتوو و عاقل بێت. واتە دەبێت لایەنەکان توانای یاساییان هەبێت بۆ چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری. هەروەها یاسادانەری ئێران کەمترین تەمەنی شایستەی هاوسەرگیری بۆ کوڕان بە ١٥ ساڵ و بۆ کچان١٣ ساڵی دیارکردووە و بۆ کەمتر لەمر تەمەنە مۆڵەتی سەرپەرەشتیاری بە پێویست داناوە. هەروەک لە مادەی (١٠٤١)یاسای شارستانی ئێراندا هاتووە "گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ کچ پێش گەیشتن بە تەمەنی ١٣ ساڵی شەمسی تەواو و کوڕ پێش گەیشتن بە تەمەنی ١٥ ساڵی شەمسی تەواو رادەوەستێتە سەر مۆڵەتی سەرپەرشتیار، بە مەرجی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی لەلایەن دادگای پەیوەندیدار." کەواتە لە ئێران، لەبەر نەبوونی مەرجە یاساییەکان، هاوسەرگیری سپی دانپێدانراو نییە و بە تاوان دادەنرێت. کاتێک یاسا ئەمر هاوسەرگیرییە بە تاوان دەزانێت، هەرگیز بەرپرسیارێتی بەدواداچوونی دەرئەنجامەکانی لە ئەستۆ ناگرێت و دەرئەنجامەکانی وەک تاوان مامەڵەی لەگەڵ دەکات.3

لە یاسا بەرکارەکانی وڵاتی ئێراندا هەرچەندە تاکو ئێستا حوکمی سزایی تایبەت بە هاوسەرگیری سپی کۆنەکراونەتەوە و پەسەند نەکراون، بەڵام بەپێی ئەو سزایانەی کە بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوەی هاوسەرگیری شەرعی دیاریکراون، دەتوانرێت پرسە یاساییە هەنووکیەکانی وەک هاوسەرگیری سپی هەڵبسەنگێردرێت.4 بۆ نموونە بە پێی بەشی هەژدەمی یاسای سزادانی ئیسلامی ئێرانی، هاوسەرگیری سپی لە تەوەرەی تاوانەکانی دژ بە پاکیزەی و ئەخلاقی گشتی دادەنرێت کە تیایدا هاتووە:

---

[1] فاطمە یعقوبی، شرایط صحت ازدواج چیست؟ (١٣٩٩ش- ٢٠٢٠ز) < https://yaghobilawyer.com/marriage-validity-conditions/#:~:text=زن و مرد باید هر,شرط نافذ بودن عقد است. > بازدید شده است ٢٠٢٤/١/٢١.

[2] قانون مدنی ایران (مصوب ١٣١٣ و ١٣١٤ش (١٩٣٤ و ١٩٣٥ز) با آخرین اصلاحات تا بهار ١٤٠١ش (٢٠٢٢ز)، مادە ١٠٦٢.

[3] آزادە زینلی، مسعود راعی و محمد باقر عامری نیا، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨١؛ حسن رضایی، ازدواج سفید یا همباشی سیاه؛ همباشی سیاه، بررسی عوامل پیدایش گونەهای جدید روابط زن و مرد از جملە (ازدواج سفید) و پیامدهای اجتماعی آن ها، دفتر فنی تولی، ایران، ١٣٩٥ش -٢٠١٦ز، ص٣٩.

[4] سید حسین شرف الدین و جلال عراقی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢١.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

کاتێک ئافرەت و پیاوێک کە هاوسەرگیریان نەکردووە، پەیوەندی نایاسایی ئەنجام دەدەن جگە لە زینا وەک تقبیل [ماچکردن] یان مضاجعە [پێکەوە خەوتن] ئەوا سزای لێدانی تا ٩٩ قامچییان بەسەردا دەسەپێنرێت.[1] هەروەها لە هەمان یاسادا هاتووە "سزای زینا بۆ زیناکاران [مێرد و ژنی خێزاندار] بەردبارانە، ئەگەر نەتوانرێت بارددباران بکرێت بە پێشنیاری دەرکردنی حوکمی کۆتایی دادگا و ڕەزامەندی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری ئەگەر تاوانەکە بە بەڵگە بسەلمێنرێت ئەنجامەکەی لەسێدارەدانی ئافرەت و پیاوە زیناکارەکە دەبێت، ئەگەر نا ئەنجامەکەی لێدانی ١٠٠ قامچی دەبێت بۆ هەر یەکەیان."[2] لە مادەی(٢٣٠)ی یاساکەشدا هاتووە "سزای زینا لەو حاڵەتەی کە تاوانباران سەڵتن، لێدانی ١٠٠ قامچییە." ئەمە جگە لەوەی لە بەشی حەوتەمی یاسای پاراستنی خێزان باس لە برگە تاوانکارییەکانی پەیوەست بە تومارنەکردنی هاوسەرگیری کراوە کە تیایدا هاتووە "ئەگەر پیاوێک بەبێ تۆمارکردن لە تۆمارە ڕەسمییەکان هاوسەرگیری هەمیشەی یان هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری یان دوای گەڕاندنەوەی تا یەک مانگ، یان لەو حاڵەتانەی کە تۆمارکردن لە هاوسەگیری کاتی ناچارییە ئەگەر ڕەتیکردەوە تۆماری بکات، جگە لە پابەندبوون بە تۆمارکردنی؛ سزای غەرامەکردنی پلەی پێنجەم یان زیندانیکردنی پلەی حەوتەمی بەسەردا دەسەپێنرێت."[3] کە بە پێی مادە (٦٤٥)ی یاسای سزادانی ئیسلامی ئێران سزای تۆمارنەکردنیان لە تۆماری فەرمی حبسی تعزیری بوو تا یەک ساڵ.

لە زانیارییەکانی سەروە دەردەکەوێت کە لە ئێراندا هاوسەرگیری سپی بە فەرمی نەناسێنراوە و هەر کچ و کوڕێک کە بە هۆیەوە دەست بە ژیانێکی هاوبەشی نا فەرمی بکەن ڕووبەرووی سزا دەبنەوە کە چەندین شوێنەواری یاساییشی لێدەکەوێتەوە. یەکێک لەو شوێنەوارانە بریتیە لە بژێوی ئافرەت. هەرچەندە گرێبەستی هاوسەرگیری شەرعی ئامرازێکی دارایی نییە، بەڵام لە ئەنجامیدا ماف و ئەرکی دارایی دروست دەبێت. بە پێی مادە (١١٠٢)ی یاسای شارستانی ئێران هەر کە هاوسەرگیری بە شێوەی دروست ڕوویدا ماف و ئەرکی هاوسەرەکان لەبەردەم یەکتردا جێگیر دەبن،[4] واتە ڕوودانی گرێبەستی هاوسەرگیری بە سەرچاوەی ماف و ئەرکەکانی هاوسەرەکان بەرامبەر یەکتر دەزانێت و بەم شێوەیەش مێرد ناچارە بژێوی ئافرەتەکە بدات. جگە لەمە لە مادەی( ١١٠٦) یاسای شارستانی ئێرانیدا هاتووە "لە گرێبەستی هەمیشەییدا بژێوی ئافرەت لە ئەستۆی مێرد دایە" و لە ئەگەری نەدانی بژێوی گرەنتی جێبەجێکردنی یاسایی و تاوانکاریش بۆی لەبەرچاو دەگیرێت. لە هاوسەرگیری سپیدا بەهۆی نەبوونی گرێبەستی هاوسەرگیری، ئەگەر هاوسەرەکە ڕەتیکردەوە پارەی بژێوی بدات، ئافرەت مافی وەرگرتنی بژێوی نییە و لە ئەگەری سکاڵاکردندا مێردەکە دووچاری لێپێچینەوەی تاوانکاری نابێت.[5]

سەبارەت بە مارەیی ئافرەت کە یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی یاساییوونی هاوسەرگیری هەمیشەیی، بە پێی مادەی(١٠٨٢) یاسای شارستانی ئێران "هەرکە گرێبەستەکە ئەنجامدرا، ئافرەت دەبێتە خاوەنی مارەیی و دەتوانێت هەر هەڵسوکەوتێک کە بیەویت، پێبکات." بەڵام لە هاوسەرگیری سپیدا چونکە تەنها ڕێکەوتنی نێوان ئافرەت و پیاوە، بۆیە مارەیی بۆ ئافرەت جێگیر نابێت. ئەمە جگە لە بابەتی میرات کە لە هاوسەرگیری شەرعیدا ئافرەت وپیاو میرات لە یەکتری دەبەن، بەڵام لە هاوسەرگیری سپیدا بەهۆی نەبوونی گرێبەستی یاسایی لە نێوانیاندا، بە مردنی یەکێکیان ئەوی تر میرات نابات، هەروەک لە مادەی(٨٦١) یاسای شارستانی ئێرانیدا هاتووە "دوو شت هۆکارن بۆ میرات ١.ڕەچەڵەک ٢.هۆکار( هاوسەرگیری)". بەو پێیەی لە هاوسەرگیری سپی هیچ پەیوەندییەکی هۆکارانە لەنێوان لایەنەکاندا نییە، بە یەکێک لە هۆکارەکانی میرات دانانرێت.

سەبارەت بە بارودۆخی منداڵ کە لە ئەنجامی هاوسەرگیری سپییەوە لە دایک دەبێت، لە ماددەی (١١٦٧) یاسای شارستانی ئێرانیدا هاتووە "منداڵێک لە زینا لە دایک بێت پەیوەندی بە زیناکارەوە نابێت" واتە هەموو مافەکانی بژێوی و دایەنی و سەرپەرشتیکردن...هتد ناگەڕێنەوە بۆ باوک چونکە لە پەیوەندییەکی ناشەرعی لەدایکبووە. بەڵام لە ساڵی ١٣٧٦ بڕیاری کۆدەنگی دادگای باڵای ئێران (دیوان عالی کشور) ژمارە(٦١٧)ی بەرواری ٣/٤/١٣٧٦ دەرچووینرا کە وەک یاسایەک کاریگەر و

[1] قانون مجازات اسلامی ایران مصوب 1370ش (١٩٩٦ز)، ماده ٦٣٧.

[2] قانون مجازات اسلامی ایران مصوب١٣٩٢ش (٢٠١٣ز)، ماده ٢٢٥.

[3] قانون حمایت خانواده مصوب ١٣٩٢ش (٢٠١٣ز)، ماده ٤٩.

[4] قانون مدنی ایران (مصوب ١٣٠٧ش (١٩٢٨ز) و اصلاحیات، ماده ١١٠٢.

[5] محقق داماد وەگیراوە لە مهتاب مقیمی و آرش کامرانلو، سەرچاوی پێشوو، لا ١٠٦.

پابەندکەرە. بە پێی ئەم بڕیارە منداڵی زینا هەموو مافە مەدەنییەکانی وەک سەرپەرشتیکردن و بژێوی و بڕوانامەی لەدایکبوون و شوێنی نیشتەجێبوون... جگە لە مافی میرات، پێبەخشرا، واتە هیچ جیاوازییەک لەنێوان منداڵی شەرعی و ناشەرعی لەڕووی ئەرک و مافەوە نییە. ئەمەش لەسەر بنەمای مادەی (١) لە یاسای بەرپرسیاریەتی شارستانی کە تێیدا هاتووە "ئەگەر کەسێک بەهەرشێوەیەک زیان بە کەسێکی تر بگەیەنێت ئەوا بەرپرسیار دەبێت لە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە"[1] بۆیە سەرەڕای ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی شەرعی و یاسایی لەنێوان منداڵ و دایک و باوک نییە بەڵام بەهۆی ئەوەی هۆکارن بۆ لەدایکبوونی منداڵ لە پەیوەندییەکی ناشەرعی ئەوا بەرپرسیارن لە چاودێریکردن و بژێوی دانی، چونکە بە قبولنەکردن و ئەنجامنەدانی ئەوا دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەو منداڵە.[2]

لە حاڵەتی ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیان، دایک و باوک تووشی لێپرسینەوە دەبن هەروەک لە مادەی (١١٧٢) یاسای شارستانی ئێرانیدا هاتووە "هیچ کام لە دایك و باوك مافی ئەوەیان نییە کە ڕەتیبکەنەوە چاودێری منداڵەکە بکەن لەو ماوەیەی کە سەرپەرشتی منداڵەکە ئەرکی ئەوانە، لە ئەگەری ڕەتکردنەوەی یەکێک لە دایك و باوکەکە دادوەر دەبێت لەسەر داوای ئەوەی تر یان لەسەر داوای قیم یان یەکێک لە خزمەکان یان لەسەر داوای داواکاری گشتی، سەرپەرشتیکردنی منداڵەکە بە هەریەکێک لەو دایك و باوکەی کە سەرپەرشتیکردنیان لە ئەستۆ پابەند دەکات و لە ئەگەری مومکن نەبوونی پابەندکردن یان کاریگەر نەبوونی، سەرپەرشتیکردن لەسەر حسابی باوک و کاتێک باوکەکە کۆچی دوای کرد لەسەر حسابی دایک تامین بکات". هەروەها لە ماددەی (٥٤)ی یاسای پاراستنی خێزاندا هاتووە: "هەر کاتێک بەرپرس لە سەرپەرشتیکردنی منداڵ [یەکێک لە دایك و باوک] ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە ئەنجام نەدەن ...، ئەوا لە جاری یەکەمدا بە سزای پێبژاردنی پلە هەشت سزا دەدرێت و لە ئەگەری دووبارەکردنەوەدا ئەوا زۆرترین سزای یاسای ئاماژە پێکراوی بەسەردا دەسەپێنرێت ".

مادەی (١١٦٧) کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، تەنها بۆ میرات دەگونجێت چونکە بڕیاری کودەنگی دادگای باڵای ئێران پرسی میراتی ڕیزپەڕکردووە لەناو ئەو مافانەی کە بۆ منداڵی ناشەرعی جێگیرکراوە. لێرەدا بەهۆی ئەوەی ڕەچەڵەکی باوک و منداڵ دروست نابێت بەپێی ئەوەی باسکرا کە هۆکاری میرات بردن (ڕەچەڵەک و هۆکار)ن، منداڵی ناشەرعی هیچ کام لە بنەماکانی میراتی نییە، هەروەها لە مادەی (٨٨٤) یاسای شارستانی ئێرانیدا هاتووە "منداڵی زینا لە دایک و باوک و کەسوکاری ئەمانە میرات نابات... ." بۆیە منداڵی لە دایکبوو لە ئەنجامی هاوسەرگیری سپی لە میرات بێبەش دەبێت .

### ٣.٢ حوکم و شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی لە ڕوانگەی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان

بە پێی بڕگەی یەکەمی مادە (١١٧)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥)، ئیسلام ئایینی فەرمی و سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە لە عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە وەکو تەنها هەرێمی فیدراڵی دانپێنراو) و بە پێی مادە (٢/یەکەم و دووەم) نابێت یاسایەك دابنرێت لەگەڵ حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام ناتەبا بێت. بە پێی مادە (٤)ی یاسای باری کەسیەتی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراوی بەرکار لە هەرێمی کردستان، پایەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری دوو پایەی سەرەکین کە بریتین لە دەربڕینی ایجاب (داخوازیکردن) لە لایان یەکێک لە گرێبەستکاران و قبوڵکردن لە لایەن ئەوەی دیکە یان بریکارەکانیان. بە پێی بڕگەی یەکەمی مادە (٦)ی یاسای باری کەسیەتی عێراقی بەرکار لە هەرێم، بۆ ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری دروست بێت، پیویستە چەند مەرجێکی گرێدان (الانعقاد) و دروستی (الصحة)ی تێیدا بێنە دی، کە بریتین لە: یەکگرتنی ایجاب و قبوڵ لەیەک دانیشتندا، هەردوو لایەنی گرێبەستەکە گوێیان لە قسەی یەکتر بێت و تێبگەن کە مەبەست لەوە گرێبەستی هاوسەرگیرییە، ڕەزامەندی قبوڵ بۆ ایجاب، و شایەتیدانی دوو شاهید کە لێهاتوویی یاسایان هەبێت. بڕگەی دووەمی هەمان مادە ئاماژەی داوە بە مەرجی نووسینی ایجاب بۆ کەسێک کە ئامادەی هاوسەرگیریەکە نیە (غائب) و دەیەوە ژن بخوازێت. ئەگەر یەکێک لە پایەکان یاخود لەو مەرجانەی سەرەوە نەبوو، ئەوا گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە گرێنادرێت، بە واتایەکی تر گرێبەستەکە دەچێتە حوکمی نەبوو و بە پوچەڵ دادەنرێت .

---

[1] قانون مسئولیت مدنی مصوب ١٣٣٩ش (١٩٦٠ز)، مادە ١.

[2] عدل ورزان، حضانت فرزند در رابطه نامشروع با چه کسی می باشد؟ (بدون ساڵ انتشار) < https://adlvarzan.com/حضانت-فرزند-در-رابطه-نامشروع-با-چە-کسی-م/ > بازدید شده است ٢٠٢٤/١/٢٥.

یاسای باری کەسیەتی ژێری و تەواوکردنی هەژدە ساڵی تەمەنی بە مەرج داناوە بۆ شایستەیی هاوسەرگیری، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی بە دادوەر داوە کە ڕێگە بدات بە هاوسەرگیری لە کاتی بوونی نەخۆشی ئەقلی یان لە کاتی داواکردنی هاوسەرگیری لە لایان کەسێک کە شازدە ساڵی تەواو کردووە، دوای ڕەزامەندی سەرپەرەشتیار یاخود بە بێ ڕەزامەندی ئەو، ئەگەر بە ناڕەوا ڕێگری بکات. هەروەها دادوەر دەتوانێت ڕێگە بدات بە هاوسەرگیری کەسێک کە تەمەنی پازدە ساڵی تەواو کردووە ئەگەر پێویستیەکی زۆری هەبوو پێگەیشتوو بێت و توانای جەستەیی هەبێت1.

بە پێی مادە (١٠)ی یاسای باری کەسیەتی ئاماژەپێکراو، پێویستە گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگای تایبەتمەند و لە تۆمارێکی تایبەت تۆمار دەکرێت، سەرەرای ئامادە کردنی ڕاپۆرتی لیژنەی پزشکی تایبەتمەندی داواکراو. سەرەکیترین جیاکەرەوە لەنێوان هاوسەرگیری دروست و هاوسەرگیری سپی بریتییە لە تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری، چونکە ئەم تۆمارکردنە مەرجێکی یاساییە و پێویستە لە دادگای تایبەتمەند و لە تۆماری تایبەتدا تۆمار بکرێت، بە پێچەوانەوە هاوسەگیری لە دەرەوەی دادگا بە تاوان ئەژمارکردووە کە لە بڕگەی (٥)ی ماددەی (١٠) یاسای باری کەسیەتی سزای بۆ دانراوە و تێیدا هاتووە "هەر کەسێک گرێبەندی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا بکات بە غەرامەیەک سزا دەدرێت کە لە ملیۆنێک دینار کەمتر نەبێ و لە سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ و ... ." بۆیە هاوسەرگیری سپی ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکرێت کە هیچ مەرجێکی یاسای تێدا نییە، لایەنەکان بە سزای ناوبراو سزا دەدرێن .

ئەم هاوسەرگیریە دژی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامە و لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامی دەچێتە چوارچێوەی تاوانەکانی تەمبێکردن.2 بەهەمان شێوە بە پێچەوانەی سیستەم و ئادابی گشتی دادەنرێت کە بە پێی مادەی (٧٥) و بڕگەی (٢)ی ماددەی (١٣١)ی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە(٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو، ناکرێت بابەت (محل)ی گرێبەست پێچەوانەی سیستەم و ئادابی گشتی بێت بە پێچەوانەوە پووچەڵە. بەو واتایە بێت هاوسەرگیری سپی دەچێتە نێو ئەم چوارچێوەیە و بە پووچەڵ دادەنرێت، چونکە بابەت لە گرێبەستی هاوسەرگیری، سەرەڕای ئەوەی ناکۆکی هەیە لە دیاریکردنی بابەتی گرێبەستی هاوسەرگیری بەڵام ڕای پەسەند و ئەوەی یاساش پێی وەرگرتووە هاتنە جێی حەلالە لەنێوان هەردوولادا، بۆیە لە هاوسەرگیری سپی ئەم حەلالیە نایەتەدی و بەشێوەیەکی نایاسایی و بەبێ تۆمارکردنی فەرمی لەگەڵ یەکتردا دەمێننەوە.

سەبارەت بە سزای هاوسەرگیری سپی، دەتوانین بلێن لەچوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان هیچ دەقێکی یاسایی نییە کە لە ئەگەری بەدیاردەبوونی لە هەرێمی کوردستاندا بە تاوان داینێت و بەپێی بڕگەی (٢)ی مادە (١٩)ی دەستوری هەمیشەی عێراق (هیچ تاوان و سزایەک بوونی نییە تەنها بە دەق نەبێت). و ئەگەر وەک پەیوەندییەکی سێکسی و خۆشەویستی سەیری بکەین، ئەوا پێویستە بگوترێت کە پەیوەندییە سێکس و خۆشەویستییەکان لەنێوان نێر و مێ دا بە هاتنەدی هەندێ مەرج بە تاوان دانانرێت و سزای لەسەر نییە، کە مەرجەکانیش بریتیین لە: هەبوونی ڕەزامەندی هەردوولایەن، لایەنەکان هاوسەریان نەبێت، (18) ساڵیان تەواو کردبێت، بە شێوەیەکی شاراوە بێت و لە شوێنی گشتی نەبێت، لە کاتی ئەنجامدانی کردەوەکە بەڵێنی هاوسەرگیری بە یەکتر نەدەن، و دەبێت بەبێ بەرامبەر کارەکە ئەنجامدرابێت. و لەکاتی نەمانی هەریەک لەم مەرجانە ئەوا تاوانێک دروست دەبێت و سزای تایبەتیشی بۆ دانراوە.3

بۆ نموونە لە بڕگەی (١)ی مادە (٣٩٣)ی یاسای سزادانی عێراقی کە بەرکارە لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە هەر کەسێک بەبێ ڕەزامەندی لە گەل کەسێک جووت بووبێت یان کۆمبازی کردبێت سزا دەدرێت بە بەندکردن (حبس)ی هەمیشەیی یان کاتی و لە مادە (٣٩٤)یشدا هاتووە هەر کەسێک بەبێ مارەبڕین، بە ڕەزامەندی لەگەڵ ئافرەتێک جووت بووبێت یان بە ڕەزامەندی کۆمبازی لەگەڵ پیاوێک یان ئافرەتێک کردبێت، ئەگەر تاوانلێکراو تەمەنی پانزە ساڵی تەواوکردبێت و هەژدە ساڵی تەواو

---

[1] بڕوانە یاسای باری کەسیەتی عێراق ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراوی بەرکار لە هەرێمی کردستان، ماددەکانی ٧ و ٨/بڕگەی١ و ٢.

[2] عبدالقادر عودة، التشريع الجنائى الأسلامى مقارنا بالقانون الوضعي، الجزء الأول، دار الكاتب العربى، بيروت، ٢٠٠٦، ص ١٣١.

[3] بڕوانە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی١٩٦٩ی هەموارکراو، مادەکانی ٣٧٧، ٣٩٢، ٣٩٤، ٣٩٥، و ٤٠١؛ یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارە(٨)ساڵی ١٩٨٨، مادە٥.

نەکردبێت، سزا دەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت یان بە بەندکردن. ئەگەر تاوانلێکراو تەمەنی پانزە ساڵی تەواو نەکردبێت سزاکە بریتییە لە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک لە دە ساڵ زیاتر نەبێت. لەم مادانەدا دەردەکەوێت ئەگەر ڕەزامەندی لەلایەن ئافرەت یان پیاو بێت کە تەمەنی گەیشتۆتە هەژدە ساڵی ئەوا تاوانەکە نایەتەدی. بۆیە لە هاوسەرگیری سپیدا کە هیچ مارە بڕینێک لە نێوانیان ئەنجام نادرێت، ئەگەر لایەنەکان هەژدە ساڵیان تەواو کردبێت ئەو کردەوە سێکسییەی کە لەنێوانیاندا دروست دەبێت بە تاوان دانانرێت بەلام ئەگەر ئافرەتەکە تەمەنەی یاسایی تەواو نەکردبێت ئەوا پیاوەکە بەو سزایەی کە لە یاساکەدا هاتووە سزا دەدرێت .

کاتێک گرێبەستی هاوسەرگیری دروست ئەنجام دەدرێت، هەردوو لایەنی گرێبەست پابەند دەبن بە حوکمەکانی گرێبەستەکە و بەو شوێنەوارانەی کە لە گرێبەستەکەوە دروست دەبن. سەبارەت بە هاوسەرگیری پووچەڵ، بەوهۆیەی کە هاوسەرگیریەکی نەبوونە و گرێبەست نییە، هیچ کاریگەری و شوێنەوارێک لە شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری دروست ناکات وەک مارەیی و بژێوی و میرات، و هەروەها جووتبوون شەرعی ڕوونادات. ئەگەر جووتبوونیش ڕوویدا ئەوا ڕەچەڵەک جێگیر نابێت و تەنانەت تەلاقیش لەنێوانیان ناکەوێت و پێویستە جیاببنەوە بە ئارەزوومەندانە، ئەگەر بە ئارەزوومەندانە جیانەبوونەوە دادوەر بەزۆر جیایان دەکاتەوە.1 بەو پێیە بێت هاوسەرگیری سپی هاوسەرگیرییەکی ڕاست و دروست نییە و بە پووچەڵ دادەنرێت و هیچ شوێنەوارێک لێیەوە دروست نابێت.

هەروەک ئاماژەی پێکرا، یەکێک لە شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری دروست، بژێویە کە هۆکارەکانی چەسپاندنی بریتیین لە هاوسەرگیری و خزمایەتی. بەپێی مادەی (٢٣) یاسای باری کەسیەتی "بژێوی ئافرەت لەسەر مێردەکەی دەبێت... ." کەواتە پێویستە لەسەر مێرد بژێوی ئافرەتەکەی بدات لەکاتی بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری دروست. لەکاتی ئامادەنەبوونی مێرد بە دانی بژێوی هاوسەری دەبێتە قەرز لە ئەستۆی و بەهیچ شێوەیەک لاناچێت، بە مەرجێک ئافرەتەکە پابەند بوویێت بەو ئەرکە هاوسەریانەی کە لە یاسادا هاتووە، ئەمەش بە پێی مادەی (٣٢) یاسای باری کەسیەتی کە تێدا هاتووە "بڕی بژێوی کۆبووەوە بە تەلاق یان مردنی یەکێک لە هاوسەرەکان بەسەرناچێت"، بەڵام بەهۆی ئەوەی هاوسەرگیری سپی پووچەڵە، ئافرەت لە پەیوەندییەکی لەم جۆرە شایستەی بژێوی نابێت.

مارەیی کە یەکێکی ترە لە شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری دروست، پێویستە بدرێت تەنانەت ئەگەر باسیش نەکرێت لەنێو گرێبەستی هاوسەگیریدا. لە بڕگەی یەکەمی مادەی (١٩)ی یاسای باری کەسیەتیدا هاتووە "ئافرەت شایستەی مارەیی دیاریکراوە لە گرێبەستی هاوسەرگیری، ئەگەر دیاری نەکرابوو یان لە بنەڕەتەوە نکۆلی لێکرا مارەیی هاوشێوەی دەکەوێت"، بۆیە لە ئەنجامی گرێبەستی هاوسەرگیری دروست ئافرەت شایستەی ئەم مافە دەبێت بەڵام بە پێچەوانەوە لە هاوسەرگیری سپیدا بەهۆی پووچەڵ بوونی کە وەک نەبوونە، ئافرەت بێبەش دەبێت لەم مافە.

میراتیش یەکێکی ترە لەو مافانەی کە بۆ هەردوولای گرێبەستی هاوسەرگیری دروست جێگیر دەبێت چونکە بە پێی مادەی (٨٦/ب)ی یاسای باری کەسیەتی هۆکارەکانی میرات دوو دانەن: خزمایەتی و هاوسەرگیری دروست. ئەم مافە بەهۆی هاوسەرگیری دروست بۆیان جێگیر دەبێت تەنها لە حاڵەتی جیاوازی ئاییندا نەبێت، بۆیە لەکاتی مردنی یەکێکیان و بەپێی بڕگەی یەکەمی مادە (٩١)ی یاسای باری کەسیەتی "مێرد شایستەی چواریەکی دەبێت ئەگەر فروعی میراتگرانی ئافرەتی لەگەڵدا بێت و شایستەی نیوە دەبێت لەکاتی نەبوونیان، بەڵام ئافرەت شایستەی هەشت یەکی دەبێت ئەگەر فروعی لەگەڵدا بێت و ئەگەر لەگەڵیدا نەبێت ئەوا چواریەکی بەردەکەوێت..."، بەڵام لە هاوسەگیری سپیدا بەهۆی نەبوونی هیچ کام لە هۆکارەکانی میرات ئەوا لە کاتی مردنی یەکێکیان ئەو مافە بۆ ئەویتریان جێگیر نابێت. سەبارەت بە میراتی ئەو منداڵەی کە لە ئەنجامی هاوسەرگیری سپییەوە لەدایك دەبێت، دەتوانین بڵێین کە لە یاسای عێراقدا دەستەواژەی منداڵی زینا بەکارنەهاتووە، بەڵکو دەستەواژەی منداڵی ناشەرعی (الابن غير شرعی) بۆ منداڵێک بەکارهاتووە کە بەبێ هاوسەرگیری یاسایی لە دایک دەبێت. یاسادانەری عێراقی هیچ دەقێکی ڕاشکاوی نەهێناوەتەوە کە باس لە میراتی منداڵی زینا بکات بۆیە پشت دەبەسترێت بە برگەی دووەم لە مادەی (١)ی یاسای باری کەسیەتی کە تێیدا هاتووە "ئەگەر دەقێکی یاسای نەبوو کە جێبەجێ بکرێت، بە پێی پرەنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلام بڕیار دەدرێت کە زیاتر گونجاوە لەگەڵ دەقەکانی ئەم یاسایەدا."

---

[1] دادوەر کەمال رەزا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥٦.

هەروەک لە توێژینەوەکەی سلیم محمودی1 و بڵاوکراوەی دەنگی ئیسلام2 هاتووە، بە پێی ڕای جمهوری زانایان ئیسلامی منداڵی زینا دەلکێنرێت بە دایکەوە وە میراتی لێدەگرێت و دایکیشی میراتی لێدەگرێت و هیچی بەسەر باوکییەوە نییە، واتا نە بانگ دەکرێت بە ناوی باوکییەوە و نە بەشدار دەبێت لە میراتی باوکی، بە واتایەکی تر باوک هیچ ئەرک و مافێکی لەسەر نییە. ئەمەش لەبەر ئەوەی لای جمهوری زانایان ڕەچەڵەک زۆر گەوەرەیە لە ئیسلامدا و نابێت بە هیچ جۆرێک منداڵی زینا بدرێتە پاڵ باوکی، ئەمەش بە بەڵگەی فورموودەی پێغەمبەر(د.خ) لە کێشەیەکی نێوان دوو هاوەڵی خۆیدا لەسەر منداڵێک فەرمووی( الولد للفراش و للعاهر الحجر)3 واتە منداڵەکە بۆ ئەو کەسەیە کە سەرجێی کردووە و بۆ پیاوی زیناکاریش بەرد. لێرەدا هەرچەندە چەندین مشتومڕی لەسەر دروست بووە بەڵام جمهوری زانایان دەڵێت مەبەست لێی ئەوەیە کە پیاوە زیناکارەکە هیچی بۆ نابێت و بەلای ئەوانەوە ڕەچەڵەکی منداڵی زینا لە دایکیەوە بۆی دادەمەزرێت و منداڵەکە لە دایکی میرات دەگرێت و دایکیشی لێی میرات دەگرێت.4

یەکێکی تر لەو مافانەی کە منداڵ لێی بێبەش دەبێت لە ئەنجامی هاوسەرگیری سپی بریتییە لە مافی جێگیربوونی ڕەچەڵک. لە بڕگەی یەکەم و دووەمی مادە (٥١)ی یاسای باری کەسیەتیدا هاتووە "منداڵی هەموو ئافرەتێک دەدرێتە پاڵ مێردەکەی بەم دوو مەرجە: ١- کەمترین ماوەی دووگیانی بەسەر گرێبەستی هاوسەرگیری تێپەڕبووبێت. ٢- یەکتربینینی ئافرەت و مێردەکەی ممکن بێت." بە تێگەیشتنی پێچەوانە لە مادە (٥١) دەتوانرێت بگوترێت کە یاساکە منداڵ دەداتە پاڵ ئافرەت و مەرجی بۆ دانەناوە، بەڵام بۆ دانەپاڵ باوکەکە و جێگیرکردنی ڕەچەڵەکی مەرجی داناوە کە سەرەڕای ممکن بوونی بەیەک گەیشتنیان، دەبێت گرێبەستی هاوسەرگیری دروست هەبێت. بە پێی مادەی (٥٢)ی هەمان یاسا، ڕەچەڵەکی منداڵەکە بۆ باوک بە دانپێدانان و بەڵگە جێگیر دەبێت. سەبارەت بە منداڵی زینا کە بە دەقێکی ڕوون و ئاشکرا چارەسەر نەکراوە کە ئایا ڕەچەڵەکی دەدرێتە پاڵ باوکی یان نە، بە پشت بەستن بە بڕگەی دووەم لە مادەی (١) و بە پێی پرەنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلام کە ڕایەکی پەسەندی هەیە، هەروەک پێشتر باسمانکرد، "زانایانی موسڵمانان سەبارەت بە ڕەچەڵەکی منداڵ یەکدەنگن لە گەڕاندنەوەی منداڵی زیناکار بۆ دایکی و هەروەها ئەگەر دایکەکە هاوسەرگیری کردبێت و ڕاستی زینای لەسەر سەلمێنرابێت... ."5 کەواتە لە ڕوانگەی زانایرییەکانی سەروە دەکرێت بگوترێت کە بە هۆی نەبوونی گرێبەستی هاوسەرگیری دروست لە هاوسەرگیری سپیدا و لە کاتی نەبوونی دانپێدانان و بەڵگە، ڕەچەڵەکی منداڵەکە بۆ باوکەکەی جێگیر نابێت .

مافێکی تر کە منداڵی زینا لێی بێبەش دەبێت بریتییە لە بژێوی کە لە هاوسەرگیریەکی دروستدا بۆ منداڵەکان جێگیر دەبێت. بڕگەی یەکەم و دووەمی مادە (٥٩)ی یاسای باری کەسیەتی دانی بژێوی منداڵ لە لایان باوکییەوەی بە پێویست داناوە کە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی مێینە شوو دەکات و نێرینەش تا ئەو کاتەی کە هاوشێوەکانی پەیداکاری دەکەن، ئەگەر قوتابی نەبێت. هەروەها بە پێی بڕگەی یەکەم و دووەمی مادە (٦٠)ی یاسای باری کەسیەتی، لە حالەتی نەتوانینی باوک بۆ پێدانی بژێوی منداڵ، ئەوەی لە کاتی نەبوونی باوکدا دەکەوێتە ئەستۆی، ڕادەسپێردرێت بۆ دانی بژێوی و ئەمەش دەبێتە قەرز لەسەر باوک و بۆ کەسەکە دەگەڕێنێتەوە ئەگەر هەبوون بوو. هەروەها یاسا قەدەغەی کردووە کە باوان زیان بە منداڵەکیان بگەیێنن یان بەجێی بهێڵن، بۆیە لە ئەنجامی هاوسەرگیری سپی زۆرجار ئەو منداڵەی کە لەدایك دەبێت لەم پەیوەندییە هەردوو لایەن بەمەبەستی خۆپاراستن لە ئابڕوو، منداڵەکە بەجێ دەهێڵن یان ژیانی دەخەنە مەترسییەوە. یاسای سزادانی عێراقی بۆ ڕێگری کردن لەم چەشنە تاوانە سزای بۆ بکەرەکانی داناوە و لە هەردوو بڕگەکانی مادەی (٣٨٣)دا

[1]سلیم محمودی، حکم نسب الولد من الزنا في الشريعة الإسلامية، مجلة صوت القانون، العدد(٣)، ٢٠٢١، ص٧٢٨.

[2]دەنگی ئیسلام، ئایا حوکمی منداڵی زینا چییە لە ئیسلامدا؟ (بێ ساڵی بڵاوکردنەوە) < https://dangiislam.org/Mobile/Faq_Detail.aspx?FileID=26&id=216&MapID=4&FolderID=3 > سەردانیکراوە لە ٢٠٢٤/١/٢٧.

[3]صحيح البخاري، كتاب الفرائض، برقم ٦٣٦٨.

[4]سلیم محمودی، سەرچاوەی پێشوو.

[5]عبد المنعم عبد الوهاب العامر، مدى مشروعية تنسيب الابن غير الشرعي في القانون العراقي، مجلة جيل الأبحاث القانونية المعمقة، لبنان، العدد(٣٩)، ٢٠٢٠، ص ٦٥.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

باسی کردووە. لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە "سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ یان بژاردن کە لە(٢٢٥٠٠٠) دینار زیاتر نەبێت هەریەکێک جا چ بەخۆی یان لە ڕێگەی یەکێکی تر، کەسێک بخاتە مەترسیەوە کە تەمەنی پانزدە ساڵی تەواو نەکردبێت یان کەسێک کە نەتوانێت پارێزگاری لەخۆی بکات بە هۆی باری تەندروستی یان دەروونی یان عەقلی." و لە بڕگەی دووەمدا هاتووە "سزایەکەی دەبێتە حەپس ئەگەر تاوانەکە ڕوویدابێت بەڕێگەی بەجێهێشتنی منداڵەکە یان پەککەوتەکە لە شوێنێکی چۆل لە خەڵک یان تاوانەکە ڕوویدابێت لەلایەن یەکێک لە باوانی [دایك و باوك بەرەو سەرەوە]ی تاوانلێکراو یان ئەو کەسەی ڕاسپێردراوە بە پاراستن یان چاودێریکردنی. ئەگەر بەهۆیەوە توشی نەخۆشیەک هات یان بمرێت بێ ئەوەی تاوانبار مەبەستی ئەوە بێت، سزا دەدرێت بەو سزایەی بڕیاری لەسەردراوە لە تاوانی ئەو لێدانەی دەبێتە هۆی تووشهاتن بە نەخۆشیەکە یان مردن بەپێی حاڵەتەکان... ."

## ٤.کۆتایی

لە کۆتایی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا سەبارەت بە حوکم و شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی، گەیشتین بە چەند دەرئەنجامێک و چەند پێشنیازێکیشمان خستووتەڕوو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ خۆپارستن و بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستاندا، بەم شێوەی خوارەوە:

### ١.٤ دەرئەنجامەکان

١. هاوسەگیری سپی واتە پێکەوە بوونی کچ و کوڕێک بەبێ گرێبەستی هاوسەرگیری فەرمی و فۆڕمی شەرعی بۆ هێنانەدی پێداویستیە جنسی، دارایی و تا ڕادەیەک سۆزداری یان هەر بەرژەوەندییەکی تر؛ دوورە لە ڕێوڕەسمی نەریتی و یاسایی و شەرعی، و لە فەرمانگە و تۆمارە فەرمییەکان تۆمار نەکراوە و دوورە لە هەر جۆرە پابەندبوونێك بە قبوڵکردنی ماف و ئەرکی بەرامبەر و هاوبەش و پابەندی و پێداویستییەکانی تر و هەر کاتێک یەکێک لە لایەنەکان بیەوێت کۆتایی پێ بهێنێت؛ کۆتایی دێت.

٢. دیاردەی هاوسەرگیری سپی لە ڕۆژئاوادا پرسێکی نوێ نییە و یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی شۆڕشی سێکسی کە لە نێوان ساڵانی(١٩٦٠-١٩٨٠)ڕوویدا و بووە هۆی بڵاوبوونەوەی هاوسەگیری سپی لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکێکە لە ئالەنگارییە ئەخلاقیە نوێیەکانی کۆمەڵگای ئێران و لە زیادبووندایە و دەکرێت زەنگێکی مەترسیداریش بێت بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەش بەهۆی تێکەڵاوبوونی کلتورەکان و بەهاکان، نزیکی وڵاتی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

٣. هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیری سپی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازن و دەگۆڕێن بەپێی بارودۆخی وڵاتەکە، بەڵام گرنگترین ئەو هۆکارانەی پاڵنەری تاکەکان بۆ پەنا بردنە بەر هاوسەرگیری سپی، بریتین لە: کێشەی پێداویستی دارایی و هەژاری؛ گۆڕانکارییە ئابوورییەکان (هاتنەکایەی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی نائەمنی کار و بێکاری)؛ گۆڕانکارییە نەریتی و کلتوورییەکان؛ بەسەربردنی کاتێکی زیاتر لەگەڵ یەکتر و ئاسانکاری پەیوەندیکردن؛ نەبوونی باوەڕی ئایینی پتەو، هاتنە کایەوەی مانگی دەستکرد، ئینترنێت و زیادکردنی ئاسانکارییەکانی پەیوەندییەکانی شاراوەی کەسی؛ گەورەبوونی شارەکان و گۆڕانگارییەکانی خێزان و هاتنە ناوەوەی کچان بۆ ناو بوارە کۆمەڵایەتییەکان، و بڵاوبوونەوەی شارنشینی و تێکچوونی چەمکی گەڕەک؛ و بڕوانەبوون بە هاوسەرگیری یان ترس لێی یاخود بێهیوابوون لە هاوسەرگیری .

٤. سەرەڕای بوونی دابەشکردنی جیاواز، دەتوانرێت هاوسەرگیری سپی دابەشی سێ جۆر یان حاڵەتی سەرەکی بکرێت. لە جۆری یەکەمی هاوسەرگیری سپیدا، لایەنەکان مەبەستی هاوسەرگیری شەرعیان نییە، واتە مەرجی مەبەست و ڕەزامەندی لایەنەکان بوونی نییە و زۆربەی نموونەکانی هاوسەرگیری سپی لەم جۆرەن. لە جۆری دووەمی هاوسەرگیری سپی مەبەست هەیە و مەبەستی لایەنەکان ئەوەیە کە ماوەیەک پێکەوە بژین بۆ زیاتر ناسینی یەکتر، بەڵام دەربڕینی بە شێوازی ایجاب و قبول نیە کە ئەم دەربڕینە پێویست و زەرورییە. دوا جۆر کە بۆ هاوسەرگیری سپی پێشبینی کرا ئەوەیە کە لایەنەکان

بەمەبەستی هاوسەرگیری پێکەوە دەبن و ایجاب و قبوڵی زارەکیش بەکاردەهێنن، بەڵام ئەوەی لە نێوانیاندا نییە مەرجەکانی تری هاوسەرگیری ڕەوا و دروستن کە لە شەرع و یاسادا بە مەرج گیراون .

٥. هاوسەرگیری سپی دیاردەیەکی ناشەرعییە کە هیچ ڕەوایەتیەکی نیە و دژی ئایینی ئیسلامە. لە یاسای شارستانی ئێرانی و یاسای باری کەسیەتی عێراقی بەرکار لە هەرێم، مەرجەکانی دروستی گرێبەستی هاوسەرگیری دیاری کراون، و هەر هاوسەرگیریەک یەکێک لەو مەرجانەی تیا نەبێت، بە گرێبەستێکی هاوسەرگیری دروست و ڕەوا دانانرێت. هەربۆیەشە لەبەر نەبوونی مەرجە یاساییەکان، هاوسەرگیری سپی لە ئێران و هەرێمی کوردستان دانپێدانراو نییە و بە فەرمی نەناسێنراوە.

٦. پاڵپشت بە حوکمە گشتییەکانی یاسای سزادانی ئێرانی و یاسای سزادانی عێراقی بەرکار لە هەرێم، دەکرێت سزای تاوانی بەسەر لایەنەکانی پەیوەندی هاوسەرگیری سپی بسەپێنرێت، بەوەی کە تاوانێکی دژ بە سیستەم و ئاداب و ئەخلاقی گشتی یان یەکێک لە تاوانەکانی زینا یاخود جووت بوون یان کۆمبازی ئەنجام دەدەن. سەرەرای ئەوەی تۆمارنەکردنی هاوسەرگیری لە تۆمارە گشتییەکانی حکومەت، بە پێی یاسای پاراستنی خێزانی ئێرانی و یاسای باری کەسیەتی عێراقی تاوانە و سزای دیاریکراویشی بۆ دانراوە.

٧. هاوسەرگیری سپی هاوسەرگیرییەکی ڕاست و دروست نییە و بە پووچەڵ دادەنرێت و هیچ شوێنەوارێکی هاوسەرگیری شەرعی و یاسایی لێ دروست نابێت.

٨. سەبارەت بە شوێنەوارەکانی هاوسەرگیری سپی لە ڕوانگەی یاساکانی ئێران، بەهۆی نەبوونی گرێبەستی هاوسەرگیری ئافرەت مافی وەرگرتنی بژێوی نییە؛ مارەیی بۆ ئافرەت جێگیر نابێت؛ بە مردنی یەکێک لە لایەنەکانی هاوسەرگیری سپی ئەوی تر میرات نابات. سەبارەت بە منداڵی پەیوەندی هاوسەرگیری سپی، ئەو منداڵە بە منداڵی زینا دادەنرێت، بەڵام بەپێی بڕیاری کۆدەنگی دادگای باڵای ئێران ژمارە(٦١٧) هەموو مافە مەدەنییەکانی وەک سەرپەرشتیکردن و بژێوی و بڕوانامەی لەدایکبوون و شوێنی نیشتەجێبوون... هتد پێ دەبەخشرێت و هیچ جیاوازییەک لە نێوان منداڵی شەرعی و ناشرعی نیە، تەنها پرسی میراتی ڕیزپەڕکردووە .

٩. لە ڕوانگەی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستانیش، بەهۆی پووچەڵبوونی هاوسەرگیری سپی، ئافرەت لە پەیوەندییەکی لەم جۆرە شایستەی بژێوی نابێت و بێبەش دەبێت لە مارەیی، و هەروەها بەهۆی نەبوونی هیچ کام لە هۆکارەکانی میرات، لە کاتی مردنی یەکێکیان، میرات بۆ ئەویتریان جێگیر نابێت، بە هەمان شێوەی وڵاتی ئێران. سەبارەت بە منداڵی لەدایکبووی ئەم پەیوەندییە کە بەبێ هاوسەرگیری یاسایی لە دایک دەبێت، لە عێراقدا دەستەواژەی منداڵی زینا بەکارنەهاتووە بەڵکو دەستەواژەی منداڵی ناشەرعی بەکارهاتووە کە لە چوارچێوەی یاساکاندا دەقێکی ڕاشکاو بۆ پێدانی مافەکانی نەهاتووە، بۆیە بە پێی بڕگەی دووەم لە مادەی (١)ی یاسای باری کەسیەتی و پاڵپشت بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی و ڕای جمهوری زانایان ئیسلامی ئەو منداڵە دەلکێنرێت بە دایکەوە وە میراتی لێدەگرێت و دایکیشی میراتی لێدەگرێت و هیچی بەسەر باوکییەوە نییە و ڕەچەڵەکی منداڵەکەش بۆ دایکی جێگیر دەبێت نەک بۆ باوکەکەی، سەرەرای ئەوەی کە پێدانی بژێویەکەشی ناکەویتە ئەستۆی باوکی.

### ٤.٢ پێشنیازەکان:

١. پێشنیار دەکەین دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان گرنگی بە دەرکەوتنی پرسی هەنووکەیی بدات و لە چوارچێوەی یاسا ڕێکیان بخات و کار بکات بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری و پاراستنی خێزان، هەروەک چۆن ئێران یاسای 'ئاسانکاری بۆ هاوسەرگیری' ساڵی ١٣٨٤ی هەیە و لە مادده (١)دا هاتووە "لە پێناو بەهێزکردنی گەنجان بۆ دروستکردنی خێزان، حکومەت پابەندە بە دروستکردنی سندوقێک بۆ هاوسەرگیری گەنجان". بۆیە دەرکردنی یاسایەکی لەم شێوەیە و دامەزراندنی سندوقی هاوسەرگیری گەنجان بە پێویست و ئەرێنی دادەنێن.

٢. پێشنیاز دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵستێت بە ئەنجامدانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە بەردەم هاوسەرگیری گەنجاندان و ئاسانکاری بۆ هاوسەرگیرییەکی هەمیشە دەستەبەر بکات، ئەمەش لە ڕێگای دابین کردنی کرێی خانوو یاخود شوێنی نیشتەجێ بوونی کاتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ کور و کچە هەژارەکان کە ژیانی

هاوسەرگیری پێکدێنن، پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە، ڕەخساندنی هەلی کار و ... هتد. سەرەڕای هەوڵدان بۆ دروستکردنی فەرهەنگی ئاسانکاری بۆ هاوسەرگیری و هاندانی گەنجان بۆ کەمکردنەوەی تێچووە تەشریفاتی و ناپێویستییەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری و ئاشناکردنیان بە ڕێوشوێن و ئادابی هاوسەرگیری ئاسان و شەرعی. هەروەک چۆن ئاینی پیرۆزی ئیسلام داوا دەکات، هاوسەرگیری پێویستە بە شێوەی ئاسان و سادە و بێ زیادەڕەوی و ئادابی هەڵە و مارەییەکی گونجاو جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی چینی هەژاری کۆمەڵگاش بتوانن خێزان پێک بهێنن.

٣. بە دەرکردنی یاسا یان ڕێنمایی پێویست کار بکرێت بۆ دانانی پلان و سیاسەت و چارەسەری پراکتیکی گونجاو بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنیەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتی و مانگە دەستکردەکان لەسەر گەنجان، ئەمەش بە سانسۆرکردنی ئەو بابەتە نەرێنییە هەمەچەشنانەی کە لە جیهاندا دروست دەبن و بەشێوەیەکی ئاسایی بڵاودەکرێتەوە. هەروەها پێویستە زیاتر گرنگی بە بەرنامەی پەروەردەی بدرێت بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی دایك و باوك لەگەل منداڵەکانیان بۆ ئەوەی دایك وباوك بتوانن باشتر و کاریگەرتر پەیوەندی لەگەڵ گەنجان دروست بکەن و لە پێداویستیەکانیان تێبگەن.

٤. دامەزراوە مەدەنی و خێرخوازییەکانی کۆمەڵگا ڕۆلێکی ئەرێنی و بەهێزتر ببینن بۆ بەشداریکردن و وەبەرهێنان لە پرۆسەی هاوسەرگیری گەنجاندا و هەڵستن بە ڕۆڵی خۆیان بۆ پاراستنی شیرازەی خێزان لە چوارچێوەی کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردی. هەروەها شارەزایانی یاسایی و مامۆستایانی ئاینیش لە ڕێگەی بەرنامەی یاسایی و ئاینی و جۆراوجۆر، هەڵستن بە هۆشیارکردنەوەی گەنجان و خستنەڕووی کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەیوەندی ناشەرعی لەسەر شیرازەی خێزان و سزای ئەم پەیوەندییانە لە ڕوانگەی یاسا و شەریعەتی ئیسلامی.

## سەرچاوەکان


**کتێبە ئاسمانییەکان**

قورئانی پیرۆز

**فەرموودەکان**

الشيخ الطبرسي، مكارم الأخلاق، باب: فئ أداب النكاح و ما يتعلق به، ط٦، دون مكان و سنة النشر.

صحيح البخاري

صحيح مسلم

محمد بن عيسى بن سورة الترمذي،.كتاب النكاح عن رسول الله(ص).

محمد ناصر الألباني، صحيح الترغيب و التهريب، ج 2، دون مكان النشر،١٩١٦.

مسند أحمد، مسند المكثرين من الصحابة.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

**یەکەم: کتێبەکان**

دادوەر کەمال ڕەزا ئەحمەد، شرۆڤەی یاسای باری کەسێتی عێراقی، چاپی یەکەم، سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، سلێمانی، ٢٠١٢.

**دووەم: سەرچاوە ئەلکترونییەکان**

دەنگی ئیسلام ، ئایا حوکمی منداڵی زینا چییە لە ئیسلامدا؟ (بێ ساڵی بڵاوکردنەوە) <
https://dangiislam.org/Mobile/Faq_Detail.aspx?FileID=26&id=216&MapID=4&FolderID=3
> سەردانیکراوە لە ٢٠٢٤/١/٢٧.

**المصادر باللغة العربية**

**أولا: المعاجم اللغة**

ابن منظور، لسان العرب، الطبعة الأولى ، دار المعارف، القاهرة، دون سنة النشر.

أبو منصور محمد بن أحمد بن الأزهري الهروي، تهذيب اللغة، الجزء الرابعة ،دار إحياء التراث العربي، القاهرة، دون سنة النشر.

**ثانيا: الكتب**

الإمام محمد أبو زهرة، الأحوال الشخصية، الطبعة الثانية ، دار الفكر العربى، دون مكان و سنة النشر.

الشيخ الأعظم مرتضى الأنصاري، كتاب المكاسب، جلد ٣، الطبعة الثانية، إعداد لجنة تحقيق تراث الشيخ الأعظم، مجمع الفكر الإسلامي، قم،١٤٢٠ه -٢٠٠٠ز.

الشيخ الطائفة أبى جعفر محمد بن الحسن بن علي الطوسي، المبسوط فقه الإمامية، الجزء الرابعه، المكتبه المرتضويه، تهران، ١٣٨٧ش - ٢٠٠٨ز.

الشيخ على بن الحسن الكركى، جامع المقاصد في شرح القواعد،جلد ٤، الطبعة الثانية، مؤسسه آل بيت (عليهم السلام) لأحياء التراث، قم، ١٤١٤ه -١٩٩٤ز.

الشيخ محمد حسن نجيفى، جواهر الكلام في شرح الاسلام، الجزء التاسع والعشرون، الطبعة السابعة، دار أحياء التراث العربى، بيروت، ١٩٨١ز.

الشيخ يوسف بن احمد بن ابراهيم درازي بحراني، الحدائق الناضرة، الجزء الثالث والعشرون ، مؤسسه النشر الأسلامى، قم، ١٤٠٥ه -١٩٨٤ز.

عبدالقادر عودة، التشريع الجنائى الأسلامى مقارنا بالقانون الوضعي، الجزء الأول، دار الكاتب العربى، بيروت، ٢٠٠٦.

محمد بن صالح بن محمد العثيمين، الزواج ، الطبعة الأولى، مدار الوطن، دون مكان النشر، ١٤٢٥ه-٢٠٠٤ز.

**ثالثا: البحوث و المقالات في المجلات العلمية و المؤتمرات العلمية**

سليم محمودى، حكم نسب الولد من الزنا في الشريعة الإسلامية، مجلة صوت القانون، العدد(٣)، ٢٠٢١.

عبد المنعم عبد الوهاب العامر، مدى مشروعية تنسيب الابن غير الشرعي في القانون العراقي، مجلة جيل الأبحاث القانونية المعمقة، لبنان، العدد(٣٩)، ٢٠٢٠.

**منابع به زبان فارسی**

**اول: فرهنگ لغت زبان**

لغت نامه دهخدا، تعريف ازدواج (بدون سال انتشار)<
<https://vajehyab.com/dehkhoda/%D8%A7%D8%B2%D8%AF%D9%88%D8%A7%D8%AC بازدید شده است ٢٠٢٤/١/٤.

**دوم: کتاب ها**

اميرناصر كاتوزيان، حقوق خانواده، جلد ١، چاپ اول،شرکت سهامی انتشار، تهران، 1388ش -٢٠٠٩ز.

حسن رضایی، ازدواج سفید یا همباشی سیاه؛ همباشی سیاه، بررسی عوامل پیدایش گونه‌های جدید روابط زن و مرد از جمله (ازدواج سفید) و پیامدهای اجتماعی آن ها، دفتر فنی تولی، ایران، ١٣٩٥ش -٢٠١٦ز.

**سوم: پژوهش در مجلات علمی**

آزاده زینلی، مسعود راعی و محمد باقر عامری نیا، نگرشی فقهی به نقش ازدواج سفید و جایگاه ازدواج موقت در تحول قوانین نظام خانواده درجامعه اسلامی، دو فصلنامه‌ی علمی پژوهشی فقه و مبانی حقوق اسلامی، شماره(۳) سال سیزدهم، ۱۳۹۹ش -۲۰۲۰ز.

تقی آزاد ارمکی و دیگران، هم خانگی؛ پیدایش شکل های جدید خانواده در تهران، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، شماره(۱) سال سوم، ۱۳۹۱ش -۲۰۱۲ز .

سید حسین شرف الدین و جلال عراقی، بررسی تحلیلی مختلف ازدواج سفید در ایران( مؤلفه‌ای از سبک زندگی غربی)، پژوهشی پژوهش نامه سبک زندگی، ایران، شماره(۹)سال پنجم، ۱۳۹۸ش -۲۰۱۹ز.

عظیم عظیم پور مقدم و فاطمه پاپی نژاد، راهکارهای مقابله با ازدواج سفید از منظر قرآن و روایات، مطالعات راهبری زنان، دووره بیست و یکم، شماره ۸٤، ۱۳۹۸ش -۲۰۱۹ز.

علی نصرتی، سید ابوالقاسم حسینی زیدی و موسی لشنی، ازدواج سفید از منظر فقهی – حقوقی، مطالعات راهبردی زنان، دوره (۲۳)، شماره (۹۱)، ۱٤۰۰ش -۲۰۲۱.

فاطمه حمزه‌لوی، ازدواج در محضر مدرنیته؛ همباشی سیاه، بررسی عوامل پیدایش گونه‌های جدید روابط زن و مرد از جمله (ازدواج سفید) و پیامدهای اجتماعی آن ها، دفتر فنی تولی، ایران، ۱۳۹۵ش -۲۰۱٦ز.

فرهاد نصرتی نژاد و گیتی بهرامی، عوامل تعیین کننده همباشی، فصلنامه مددکاری اجتماعی، دوره(٦)، شماره(۲)، ۱۳۹٦ش -۲۰۱۷ز.

لیلا سلیمانی نیا، علیرضا جزایری و پروانه محمدخانی، نقـش سـلامت روان در ظهـور رفتارهـاي پرخطر نوجوانان' فصلنامة علمي پژوهشي رفاه اجتماعي، سال (۵) شماره (۳)، ۱۳۸٤ش -۲۰۰۵ز.

مهتاب مقیمی و آرش کامرانلو، بررسی اثرات و تبعات حقوقی ازدواج سفید در حقوق ایران با نگاهی تطبیقی به قوانین و مقررات فرانسه، دو فصلنامه بین المللی تحقیقات حقوق قضایی، دوره (۲)، شماره (٤)، ۱٤۰۰ ش -۲۰۲۱ز.

مهدی قنبریان، بررسی ازدواج سفید در نظام حقوقی ایران و غرب، فصلنامه مطالعات حقوق، زمستان، شماره هفدهم، 1396ش -۲۰۱۷ز.

مهران سهراب زاده، میلاد نوروزی و اسماء عسکری کوبری، ازدواج سفید؛ انگیزه‌ها و زمینه‌ها، فصلنامه جامعه‌شناسی سبک زندگی، شماره(۱۰) سال سوم، ۱۳۹٦ش -۲۰۱۷ز.

چهارم: منابع الکترونیکی

پایگاه اطلاح رسانی حوزه، اذن پدر در ازدواج دختر غیر باکره (۱۳۹۱ش -۲۰۱۲ز) < https://hawzah.net/fa/Question/View/63805/اذن-پدر-در-ازدواج-دختر-غیر-باکره> بازدید شده است ۲۰۲٤/۱/۲۰.

عدل ورزان، حضانت فرزند در رابطه نامشروع با چه کسی می باشد؟ (بدون سالّ انتشار) < https://adlvarzan.com/حضانت-فرزند-در-رابطه-نامشروع-با-چه-کسی-م/ > بازدید شده است ۲۰۲٤/۱/۲۵.

عروسکو، ازدواج سفید یا همباشی سیاه،(بدون سالّ انتشار) <https://arooskoo.ir/white-marriage > بازدید شده است ۲۰۲٤/۱/۱۰.

عصر ایران، ازدواج سفید نه، همباشی سیاه، ۲۰۲۲/۱۱/۲٤ <https://www.asriran.com/fa/amp/news/867432 > بازدید شده است۲۰۲٤/۱/۱۰.

فاطمه یعقوبی، شرایط صحت ازدواج چیست؟ (۱۳۹۹ش- ۲۰۲۰ز) < https://yaghobilawyer.com/marriage-validity-conditions/#:~:text=زن و مرد باید هر,شرط نافذ بودن عقد است. > بازدید شده است ۲۰۲٤/۱/۲۱.

میثم موسی زاده، محسن باقری توانی و عادل نحوی، دیدگاه حقوقی نسبت به ازدواج سفید در ایران (۱۳۹٦ش -۲۰۱۷ز) < https://www.sid.ir/paper/897513/fa > بازدید شده است ۲۰۲٤/۱/۱٤.

## English sources

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

**Dictionaries**

**Cambridge Dictionary, Cohabitation (n. d.) < https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/cohabitation > accessed: 5 January 2024.**

**Legal Dictionary, Cohabitation (n. d.) < https://legaldictionary.net/cohabitation/ > accessed: 5 January 2024.**

**The Free Dictionary, Cohabitation (n. d.) < https://legal-dictionary.thefreedictionary.com/cohabitation > accessed: 5 January 2024.**

**Journal Articles**

**Dorrit posel and Stephonie Rudwick, 'Ukukipita (cohabitation): Socio- Cultural Constraints in Urban Zulu Society' 49(3) 2014 Journal of Asian and African Studies 282-297.**

**Galna K. Rhoades, S M Stanley and H J Markman, 'Couples' reason for cohabitation: Associations with individual well-Being and Relationship Quality' 30(2) 2009 Journal Family Issues 233-258.**

**Jia Yu and Yu Xie, 'Cohabitation in China: Trends and Determinations' 41(4) 2015 Population and Development Review 607-628.**

**Kathleen Kiernan, 'The Rise of Cohabitation and Childbearing Outside Marriage in Western Europe' 15(1) 2001 International Journal of Law, Policy and the Family, 1-21.**

**Ken Dempsey and David de Vaus, 'Who Cohabits in 2001? The Significance of Age, Gender, Religion and Ethnicity' 40(2) 2004 Journal of Sociology 157-178.**

**Penelope M. Huang et. al., 'He Says, She Says: Gender and Cohabitation' 32(7) 2011 Journal Family Issues 876- 905.**

**Sharan Sassler and Amanda J. Miller, 'Waiting to be asked: Gender, Power, and Relationship Progression Among Cohabiting Couples' 32(4) 2011 Journal Family Issues 482-506.**

**Volerie Kincaode Oppenheimer, 'Cohabiting and marriage during young men's career - development process' 40 (1) 2003 Demography 127-149.**

**دەستور و یاساکان**

**دەستوری هەمیشەیی عێراق ٢٠٠٥**

**قانون مدنی ایران مصوب ١٣٠٧ش (١٩٢٨ز) و اصلاحیات**

**قانون مدنی ایران مصوب ١٣١٣ و ١٣١٤ش (١٩٣٤ و ١٩٣٥ز) با آخرین اصلاحات تا بهار ١٤٠١ش (٢٠٢٢ز)**

**یاسای شارستانی عێراق ژمارە(٤٠)ی ساڵی ١٩٥١**

**یاسای باری کەسیەتی عێراق ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراوی بەرکار لە هەرێمی کردستان**

**قانون مسئولیت مدنی مصوب ١٣٣٩ش (١٩٦٠ز)**

**یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی ١٩٦٩**

**یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارە(٨)ساڵی ١٩٨٨**

**قانون مجازات اسلامی ایران مصوب 1370ش (١٩٩٦ز)**

**یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی ١٩٦٩، لە هەرێمی کوردستاندا ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٢**

**یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان**

**قانون حمایت خانواده مصوب ١٣٩١ش (٢٠١٢ز)**

قانون مجازات اسلامى ايران مصوب١٣٩٢ش (٢٠١٣ز)

تصميمات ديوان

رأى وحدت رويه ديوان عالى كشور، شماره3،٦١٧،١٣٧٦/٤/٦١٧ش (١٩٩٧ز).

# الزواج الأبيض في ضوء القوانين النافذة في إيران وإقليم كوردستان

| |
|---|
| أ. م. د. رضوان شريف صالح |
| قسم القانون، فاكلتي القانون والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سۆران، إقليم كوردستان – العراق |
| البريد الالكتروني: rdhwan.salih@soran.edu.iq |
| المحامية روژين جاسم سعيد |
| نقابة محامي كوردستان، إقليم كوردستان – العراق |
| البريد الالكتروني: roj.j.saeed.salman@gmail.com |

## الملخص

من الظواهر غير المتوقعة في بعض المجتمعات ظهور الزواج الأبيض الذي يعني تعايش شاب وشابة دون زواج رسمي أو قانوني بينهما. فالزواج الأبيض يمثل موضوعاً شائعاً ومقبولاً فى العديد من الدول الغربية، وتم تنظيمه قانونياً في بعض تلك الدول، كما هو أمر محسوس ومتزايد على نطاق واسع في بعض دول الشرق الأوسط كإيران، فى حين أنه غير مقبول من الناحية الشريعة ولا القانونية، وانتشار تلك الظاهرة الخطيرة في إيران المجاورة يمكن أن يكون لها آثار سلبية على إقليم كوردستان ومستقبله، حيث قد تؤدي إلى خفض نسبة الزواج الرسمي، وتقليل الرغبة على الإنجاب، بالإضافة إلى زيادة الانحرافات الأخلاقية في المجتمع. ومن الجدير بالذكر أنه لا يوجد حالياً نص قانوني في إقليم كردستان يجرم هذا النوع من الزواج، ولا يوجد أي إجراءات قانونية لمنع انتشاره، لذلك تهدف هذه الدراسة إلى تسليط الضوء على الزواج الأبيض وعرض قواعدها وأثارها من حيث القوانين المعمول بها في إيران وإقليم كوردستان، ومن أهم الاستنتاجات التي توصل إليها بحثنا من خلال استخدام الأساليب التحليلية والمقارنة هو عدم شرعية وقانونية هذا النوع من الزواج وفقاً للشريعة الإسلامية الحنيفة وقوانين كل من البلدين إيران وإقليم كردستان، رغم عدم وجود أي اثار المرتبطة بالزواج الصحيح، كالمهر، والنفقة، والميراث، و إثبات النسب للآباء.

الكلمات المفتاحية: الزواج الأبيض، المعاشرة، الزواج الرسمي، آثار المعاشرة، قانون الأحوال الشخصية، إقليم كردستان.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# WHITE MARRIAGE IN THE LIGHT OF THE APPLICABLE LAWS OF IRAN AND THE KURDISTAN REGION

**Asst. Prof. Dr. Rdhwan Shareef Salih**
**Department of Law, Faculty of Law, Political Science and Management, Soran University, Kurdistan Region-Iraq**
**Email: rdhwan.salih@soran.edu.iq**
**Lawyer: Rojin Jasim Saeed**
**Kurdistan Bar Association, Kurdistan Region, Iraq**
**Email: roj.j.saeed.salman@gmail.com**

## ABSTRACT

**Among the unexpected phenomena in some societies, white marriage (Cohabitation) arises, which means the coexistence of a girl and a boy without an official or legal marriage. Cohabitation is considered a common and acceptable subject and has been legally regulated in many Western countries, but in some Middle Eastern countries, such as Iran, which is widely felt and growing, it remains unacceptable both in terms of Sharia and legal norms. The proliferation of this controversial phenomenon, Cohabitation, in Iran, which neighbors the Kurdistan Region, could potentially have adverse effects on the region's future as it may reduce the rate of official marriage, the cessation of childbirth, and increase moral deviations in society. In the Kurdistan Region, there is currently no legal provision that criminalizes this type of marriage, nor is there any legal remedy to prevent its spread. Therefore, this study aims to introduce Cohabitation and present its rules and consequences based on the applicable laws of Iran and the Kurdistan Region. The most important outcome that our research has reached, by using analytical and comparative methods, is the illegitimacy and illegality of this form of marriage under the Islamic holy religion and the laws of both Iran and the Kurdistan Region, despite the absence of any usual consequences associated with valid marriages, such as dowry, alimony, inheritance, and the non-fixity of descent for their children.**

**Keywords:** **White Marriage, Cohabitation, Official Marriage, Cohabitation Consequences, Personal Status Law, Kurdistan Region.**